دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧١٤، چوارشەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی، ٦ی دێسامبری ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

**پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی جێژنی مەولوودەوە**

جێژنی مەولوود پیرۆز بێ

جێژنی مەولوود ڕۆژی لەدایکبوونی پێغمبەری ئیسلام حەزرەتی محەممەد(د.خ) لە هەموو موسولمانان بە تایبەت خەڵکی موسوڵمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیرۆز بێ، لەو ڕۆژەدا هیوای ئاشتی و، بەختەوەری، و ژیانێکی سەربەرزانە بۆ هەموو لایەک دەخوازم.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**سکرتێری گشتی**
**مستەفا هیجری**


**ڕێبەری لێبڕاو و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ...**


٤

**قاسملو، پرسی ژن و ڕاسان**


٧

**بوومەلەرزەی ڕۆژهەڵات و پێکدادان...**


٩

**ڕاسان و پێشمەرگە....**


١٠





پرسی بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ناسراو بە بەرجام هەروا ڕۆژەڤی باس و خواستی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانە و سەرباری ئەوەیکە ڕێژیمی تاران چ لە سەرەتای واژۆکردنی و چ پاش لەو واژۆکردنە، هەوڵی داوە وەها پیشان بدات گرفت و کێشەکان چارەسەر دەبن، هەنووکەش لە ناخی خۆیدا کێشەخوڵقێنە.

ناڕوونبوونی کۆمەڵێک لە بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە و هەستیاری وڵاتانێکی وەک ئیسرائیل و عەرەبستان لە ناوچەدا وای کردووە کە جگە لە ئامریکای هاوپەیمانی تێلئاڤیب و ڕیاز بەشێک لە وڵاتانی ئۆرووپاییش بکەونە گومانەوە لە نیوەڕۆکی بەرجام.

ئەم دۆخە بەتایبەت پاش تاقیکارییە مووشەکییەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، چووە فازێکی نوێ و هەڕەشە و هۆشدارییە نێونەتەوەییەکانی زیاتر کرد؛ "ژانئیو لۆدریان"، وەزیری دەرەوەی فەڕانسە، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە پرێس کونفرانسێک لەگەڵ هاوتای ئاڵمانیی خۆی لە شاری پاریس، ڕایگەیاندووە: "ڕێژیمی ئێران دەبێ لە بەرنامە مووشەکییەکانی و سیاسەتە هێژمونییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست دەست بکێشێت.

لەم پرێس کۆنفڕانسەدا، کە پاش وتەکانی ئێمانۆئێل ماکرۆن سەرکۆماری فەڕانسە لەپێوەندی لەگەڵ مەترسیداربوونی هەوڵە مووشەکییەکانی تاران کردبووی، لۆدریان لەگەڵ "زیگمار گابریەل" وەزیری دەرەوەی ئاڵمان ڕایگەیاند: دەبێت ڕێژیمی ئێران لە بەرنامەی مووشەکییە بالیستیکیەکانی و "خواستەکانی بۆ فراوان کردنی هێژموونی خۆی لە ناوچەکە و دەسبەسەرداگرتنی پاشگەز ببێتەوە".

ئەم وتانەی وەزیری دەرەوەی فەڕانسە، دژکردەوەی ڕێژیمی ئێرانی بەدوادا بوو؛ بەهرام قاسمی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئیسلامی، دوای قسەکانی ژانئیو لۆدریان، ڕایگەیاند: ڕێژیمی ئێران بەرنامە مووشەکییەکانی خۆی ڕاناگرێت و لەسەر ئەم بابەتە وتوویژ ناکەن.

هەر هەمان ڕۆژ، "یەنسن ئستۆلتنبێرگ"، سکرتێری ناتۆ لە برۆکسێل، بەرنامە مووشەکییە بالستیکییەکان و تاقیکردنیان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانی بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ناتۆ زانی و نیگەرانی خۆی لە درێژەدانی ئەو بەرنامە مووشەکییانە دەربڕی.

سکرتێری ناتۆ، لە پرێس کۆنفڕانسێکدا وتی: ئێمە هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ پێشکەوتنی بەرنامە مووشەکییەکانی دەبینین و کردەوەکانی ڕێژیمی ئێران، بۆ سەر هاوپەیمانانی ناتۆ بەتایبەت هاوپەیمانە ئورووپاییەکانمان بە هەڕەشە دەزانین.

لەلایەکی دیکەشەوە؛ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بە شوبهاندنی دەزگای ویلایەتی فەقیهی وەک ئاڵمانی نازی، ئەم ڕێژیمەی تۆمەتبار کرد بە پەرەدان بە نادادپەروەری. نێتانیاهوو لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا بۆ کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێبەرانی ئامریکایی – ئیسرائیلی لە واشەنگتۆن ناسراو بە "فۆرووم سەبان" تەئکیدی کردەوە کە ئیسرائیل ئیزنی ئەوە بە تاران نادات کە ببێتە خاوەن چەکی ناوکی؛ وتوویشیەتی: "ئێمە ناهێڵین ڕێژیمی زێدەخوازی کۆماری ئیسلامی ببێتە خاوەن چەکی ناوکی؛ ڕێژیمێک کە دەیهەوێ ئیسرائیل لەنێو ببات؛ ئێمە ناهێڵین ئەم ڕێژیمە بەشێوەی سەربازی لە سووریەدا بمێنێتەوە چوونکە دەزانین مەبەستی لە مانەوە لە خاکی سوریەدا هەرچی زووتر لەنێوبردنی ئیسرائیلە."

لە بەشێکی تری قسەکانیشیدا ڕوو لە سیاسەتدارێژەرانی ئۆرووپایی و ئامریکایی وتوویەتی: دەبێ هاوشێوەی ترامپ هەوڵ بۆ نەهێشتنی کەمایەسییەکانی نێو ڕێککەوتننامەی بەرجام بدەن.

ئەم لێدوانانەش لەکاتێکدا بڵاو بوونەوە کە چەند ڕۆژ پێشتری ئیسرائیل بە هاویشتنی چەند مووشەک پێگەیەکی سەربازی کۆماری ئیسلامی لە باشوری دیمەشقی سوریە لەنێوبرد.

هەر لەم ڕاستایەدا ژنراڵ "مەکمەستر" ڕاوێژکاری ئەمنییەتی ـ نەتەوەیی ئامریکا، لە دانیشتنێکدا لە ناوەندی "ڕێگان" باسی لە هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ بە دەستهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ کردووە و ئاماژەی بە لەبەرچاونەگرتنی دەسەڵاتی وڵاتانی دراوسێی ئێران لە لایەن ئەو ڕێژیمە کردووە و وتوویەتی: کۆماری ئیسلامی سەرقاڵی هەناردەکردنی تێرۆر بۆ هەموو جیهانە کە ئەمەش سەرچاوەگرتوو لە عەقڵیەتی توندئاژۆخوازی ئیسلامیی سەرانی تارانە و وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر شارستانییەتی جیهان سەیر دەکرێت.

هەر لە چوارچێوەی سیاسەتی نوێی واشنگتۆن بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران مایک پۆمپێئۆ بەرپرسی CIA و لێئۆن پانێتا بەرپرسی پێشووی دەزگای زانیاری ناوەندی ئامریکا، لەهەمبەر هەر کردەوەیەکی هەڕەشەئامێز و تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران هۆشداریان دا و ڕایانگەیاندووە: ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانمان ئاگادار کردوەتەوە کە، لە ئەگەری هەرجۆرە هێرشێک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکا لە عێراق، دەبێ وەڵامدەر بن؛ هەروەها وتوویانە، تەنیا سەرنجدان بە هەوڵەکانی چەند حەوتوو پێشووتری ئێران بۆ دزەکردنە نێو هەرێمی کوردستانی عێراق و کۆنترۆڵ کردنی ئەو ناوچانە، ئاشکرای دەکات کە ئێران بۆ زیادکردنی هێژمۆنی خۆی و سەپاندنی سیاسەتەکانی بەسەر وڵاتانی ناوچەدا چ هەوڵێک لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدات.

بەرپرسی CIA ئاشکرای کردووە کە لە نامەیەکدا بۆ قاسم سولەیمانی و ڕێبەری ڕێژیم پێمان ڕاگەیاندوون کە بە وردی چاوەدێری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و جموجۆڵەکانیان دەکەین و بە ڕوونی مەبەست و قسەی ئامریکامان بۆ شی کردوونەتەوە.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا، فەرانسە و هاوپەیمانیەتیی عەرەبی، سپای پاسدارانی ڕێژیمی تاران بە هۆکاری سەرەکیی پەرەسەندنی شەڕ و ئاژاوەی نێو وڵاتانی ناوچەکە دەزانن، کە لە ڕێگای دنەدان و یارمەتی گەیاندن بە ملیشیاکانی حەماس و حوسیەکانی یەمەن و حیزبوڵای لوبنانەوە هەوڵی تێکدانی تەناهیی ئەو وڵاتانە و ناوچە بەگشتی دەدەن.

پەیڤ

## بورجی بابل

**کەریم پەرویزی**

ڕووداوە کۆنە مێژووییەکان و تەنانەت ئوستوورەکانیش دەڵێن بۆ ئەوەیکە کۆمەڵگایەک لاواز بکەی تاکوو خۆی بەرەو پووکانەوە بڕوا، باشتر وایە کە ئاژاوەی تێ بخەی و خۆیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ بکەی تاکوو هەم گرفتە سەرەکییەکە لەیاد بکەن و هەم تەنیا بە نێوخۆیانەوە خەریک بن و خۆیان ببنە هۆکاری داڕزاندنی خۆیان.

لە ئوستوورەکانی کەلتووری عیبری و عەرەبیدا هاتووە کە شارستانیەتی بابل شارستانیەتێکی گەورە و گەشەکردوو بوو و ئەوەندە بەهێز ببوون کە بورجی گەورەیان دروست دەکرد تاکوو پاشای بابل لەسەرسەرەوەی بورجەکە هەموو جیهان ببینێ! (بەپێی ئوستوورەکان ئەم کارەیان شان لە شانی دەسەڵاتی خودای ئەوکاتی دەدا و دەسەڵاتی خودای بابلی دەبردە ژێر پرسیار!) هەربۆیە خودای بابل ئاژاوەی خستە نێو بابلییەکان و هەرکامەیان بە زمانێک دەدوان و لە یەکتر تێنەدەگەیشتن و ئیتر نەیانتوانی پێکەوە کار بکەن و بورجەکەیان بۆ تەواو نەکرا و ئەوەندە بەخۆیانەوە خەریک بوون تا ئاگایان لە دەوروبەر نەما و شارستانیەتەکەیان وێران بوو و دوژمنانی بابل هاتن وڵاتیان داگیرکرد.

ئەم ئوستوورەیە ڕێنوێنی دوژمنانی کوردە لە مێژوو و لە ڕابردووی نزیک و لە ئێستاشدا. کۆماری ئیسلامی نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم جۆرە سیاسەتەیە و ئێستاش دەوڵەتی بەغداد کە درێژکراوەی کۆماری ئیسلامیە هەمان سیاسەت پێڕەو دەکا.

سیاسەتێک لە دامودەزگا پیلانگێرییەکانی کۆماری ئیسلامیەوە داڕێژراوە و لە نێو کورددا بڵاو دەکرێتەوە کە گوایە ئیمکانی نییە کورد پێکەوە تەباوڕەبا بن و گرفتی گەورەی کورد ئەوەیە کە هەر ناوچە و هەر عەشیرە و هەر گرووپێک بەلایەکیدا دەکێشێ و کورد قەت ناتوانن لەسەر یەک بەرژەوەندیی گەورەی نەتەوەیی ڕێک بکەون. ئەم سیاسەتە بەردەوام و بەشێوەی جۆربەجۆر دووپات دەکرێتەوە و دەیانهەوێ بیکەن بە بابەتێکی قبووڵکراو لە نێو هەموو گرووپ و ڕێکخراوە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکانی کورد و لە ڕاستیدا لە ناخودئاگای کورددا جێ بگرێ و کورد بەردەوام لە نێوخۆیدا بەخۆیەوە خەریک بێ.

بەدڵنیاییەوە کێشە لە نێو کۆمەڵگای کورددا هەیە و نابێ چاوپۆشی لێ بکرێ، بەڵام ئەوە بەو مانا نییە کە گرفتی سەرەکی و پرسە بنەماییەکان فەرامۆش بکرێن؛ هەر لەم ڕۆژانەدا دەوڵەتی بەغداش کە خۆی هەزارویەک کون و کەلەبەری تێدایە و هەموو

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ڕوو لە خەڵکی کوردستان



مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا سپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد کە لە ڕووداوی بوومەلەرزەی کرماشان بەم خرۆشانە پیشانیان دا لە بەرانبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەچۆک دانایەن.

دەقی پەیامەکە:

خەڵکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەگەر بوومەلەرزەی شەوی ٢١ی خەزەلوەری ١٣٩٦ی هەتاوی پارێزگای کرماشان، بانگی مەرگ و وێرانی بەسەر ئەو خەڵکە داخارەدا خوێند و لە چەند چرکەساتی ئەو شەوە سارد و تاریکەدا دڵی سەدان هاونیشتمانمانی لە ژن و پیاو و گەنج و منداڵ لە لێدان خست و بە هەزارانی دیکەی بە بریندار بەدوای خۆیدا جێهێشت ، ئەگەر بە دەیان میلیۆن کەسی دیکە لە کوردانی هەموو بەشەکانی کوردستانی دابەشکراو و مرۆڤدۆستەکانی دیکەی لە خەمی ئەو کۆستە گەورەیەدا دڵبریندار کرد، لە بەرانبەردا کارنەڤاڵێکی جوان و هیوابەخشی لە هاوپێوەندی نەتەوەیی، هاودەردی و یەکریزی، لە بەهاناوەچوونی هاونیشتمانە لێقەوماوەکانمان لە سەرانسەری کوردستان بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنا.

بوومەلەرزەکەی ئەم جارە، ڕاستە بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی هەژاند، بەڵام گرینگتر لەوەش، ئەو هەژانە بەهێزە بوو کە هەموو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی لە ماکۆ ڕا تا ئیلامی گرتەوە، هەژانێک کە لە لایەک لەشی هەڵلەرزیوی منداڵەکانی ڕزگار بوو لە مەرگەساتی سەرمای شەوانی ئەو خاکە بەڵالێدراوەی گەرم کردەوە و زەردەخەنەی هیوای خستە سەر لێوی دڵبریندارانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە، کە خۆشەویستەکانیان لە چەند چرکەیەکدا لە دەست دابوو و، خەمی بێکەسی و لێقەوماوی برستی لێ بریبوون، بەڵام لە یەک کاتدا بە میلیۆنان کوردی هاونیشتمانیان وەک کەسی خۆیان دیت کە خەمە قورسەکانیان لە گەڵیان دابەش کردوون تا ئەو بارە گرانە بە چۆکیاندا نەهێنی.

ئەم هەژانە لە لایەکی دیکەوە هەژانێکی سیاسی بوو، هەژانی کورد لە دژی ڕێژیمێکی جینایەتکاری دژی کورد و ئازادی. چۆنیەتی گەڕاندنەوەی تەرمی ئەبووبەکر مەعرووفی و بە خاکسپاردنی لە شارەکەی خۆی بۆکان، نیشانیدا بێ متمانەیی بە ڕێژیم لە گەیاندنی یارمەتییەکانیان بەدەستی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە، پیلانەکانی سپای پاسداران بۆ بەربەست دروستکردنیان لە ڕێگای گەیاندنی یارمەتییەکان، و دەیان دیاردەی دیکە لە وشیاری، ئیرادە و ئاگایی بەرزی ڕۆژهەڵات و سەردانەنواندنیان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک هەژانی شەوی ٢١ی خەزەڵوەر بەهێز و شوێندانەر بوو. هەژانێک کە تەواوکەری نەورۆزی جامانەکان و زەماوەندی ئاڵا و خرۆشانی ڕۆژهەڵات لە پێشوازی باشوور لە گشتپرسی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسیان بوو.

خوشک و برایانی تێکۆشەر!

ئێوە بەم خرۆشانە نیشانتاندا نەک لە بەرانبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لەبەرانبەر بوومەلەرزەشدا بەچۆکدانایەن و هیوا بەرنادەن، بە ئیرادەی بەهێزتان دەتوانن کارەساتە سرووشتییە وێرانکارەکانی وەک بوومەلەرزەش بکەن بە دەرفەت، ئێوە لە بوومەلەرزەش بەهێزترن، بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لێتان تۆقیوە و، بە دایم بۆتان لە پیلان دایە، هەر ئەو هێزە بەتوانایەشە کە ئێوە ناوتان نا "ڕاسانی ڕۆژهەڵات". ڕاسانێک کە خەباتی شار و شاخ لێک گرێدەدا تا ڕۆژهەڵات بکاتە هێزێکی شوێندانەر لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی.

سپاس بۆوریایی، ئاگایی و خۆڕاگریتان خەباتتان بەردەوام، هێزتان شوێندانەر و ڕاسانتان هەروا بە تەوژم بێ.

لە کۆتاییدا سەرەخۆشی خۆم پێشکەش بە کەس و کاری گیان بەختکردوانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە و هەموو خەڵکی کوردستانی ئازیزدەکەم، تەمەنای ساڕێژ بوونەوەی زووتری برینی بریندارانن دەکەم.

# دیداری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و پۆلێک لە خوێندکارانی هەرێمی کوردستان



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ پۆلێک لە خوێندکارانی حیزبی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان دیداری پێکهێنا.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازی لە پۆلێک لە خوێندکارانی حیزبی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان کرد.

لەو دیدارەدا مستەفا هیجری بە بۆنەی تەواوکردنی خوێندنیان پیرۆزبایی لێکردن و لەسەر گرینگی خۆپێگەیاندنی زیاتریان لە بواری زانستیدا باسێکی پێشکەش کردن.

هەروەها هیجری ئاماژەی بە دەور و ڕۆڵی ئەوان لە خزمەت بە حیزب و گەلەکەیان و بزووتنەوەی مافخوازی گەلەکەیان دا و داوای کرد کە هێز و توانایان لەو بارەیەوە وەکار بخەن .

پاشان خوێندکارە دەرچووەکان سپاسی حیزب و سکرتێری گشتیی حیزبیان بۆ ڕێکخستنی ئەم کۆبوونەوەی کرد و سەرنج و تێبینییەکانی خۆیانیان باس کرد و کۆمەڵێک پێشنیاریان باس کرد بۆ ئەوەی قوتابیان و لاوانی کەمپەکانی حیزب بتوانن خزمەتی بەرچاوتر بە نەتەوەکەیان بکەن هەوڵیان بۆ بدرێ.

دوای ئەو ڕاگۆڕینەوە مستەفا هیجری جارێکی دیکە جەختی لەسەر هاوکارییەکانی حیزب بۆ پێگەیاندنی قوتابیان کردەوە و پیرۆزبایی لە خۆیان و بنەماڵەکانیان کرد و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ بە ئاوات خواستن.

# پێشمەرگەکانی شار لە مەریوان هێزی دوژمنیان تێک شکاند



پێشمەرگەکانی شار سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێرانیان تێک شکاند.

ڕێکەوتی ٨ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی تیمێک لە پێشمەرگەکانی شار لە ناوچەی "بەری بەگزادە" لە دۆڵی "سوورێن" لە کاتی ئەنجامدانی مەئمووریەتی حیزبی کەوتنە کەمینی دوژمنەوە.

لە ئەنجامی ئەو بۆسەیەی هێزەکانی ڕێژیم بۆ پێشمەرگەکانی شاردا، شەڕ و پێکدانان لە نێوان پێشمەرگەکانی شار و هێزەکانی ڕێژیم دێتە ئاراوە کە دواتر تیمی پێشمەرگەکانی شار سەر بە حیزبی دێموکرات بە سەرکەوتوویی و سەلامەتی تەواو شوێنی دەگیرییەکە بەجێ دەهێڵن.

# لە پێتەختی ئێران ڕێز لە ڕۆژی پێشمەرگە گیرا




قارەمانانی دێموکرات لە شاری تاران بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری "دەماوەند" بە بۆنەی ساڵڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان تراکت و وێنەی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵانە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە دەبەن و ڕێز لە گیانفیدایی و خەباتی پێشمەرگەی کوردستان دەگرن.

هەروەها لەم چوارچێوەیەدا لە چەندین شوێنی شاری تاران چالاکی بەرینی تەبلیغییان لە شێوەی بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بەم بۆنە، بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی چالاکی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: مجتمع تجاری گلستان، پارک بوستان، گۆڕەپانی صنعت، شەقامی بوستان، دەوروبەری بورجی میلاد، شەهرەکی غرب.

لە پلینۆمی دووهەمی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، ڕۆژی٢٦ی سەرماوەز وەکوو ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرا.

# هەڵۆکانی زاگرۆس بەکرێگیراوێکی ڕێژیمیان بەسزا گەیاند

هەڵۆکانی زاگرۆس

هەڵۆکانی زاگرۆس لە شاری شنۆ لە عەمەلیاتێکدا بەکرێگیراوێکی ڕێژیمی ئێرانیان بە سزای خیانەتەکانی خۆی گەیاند.

وێبلاگی "هەڵۆکانی زاگرۆس" لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووتەوە کە شەوی یەکشەممە لە سەر دووشەممە "ساڵح قاسمی" ناسراو بە "مۆحسێن" جاشێکی سەر بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان لە شاری شنۆ بە سزای خیانەتەکانی خۆی گەیاند.

وێبلاگی هەڵۆکانی زاگرۆس بڵاوی کردووەتەوە کە ئەو جاشە تاوانبارە خەڵکی شاری سەڵماس بووە و لە گوندی شێخان سەر بە شاری شنۆ نیشتەجێ بووە و ئەو بەکرێگیراوە لە قەرەسەقەلدا دژی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداری کردووە کە سەرئەنجام ڕێکەوتی ١١ی سەرماوەز بە سزای کردەوەکانی خۆی گەیشت.

# ڕێژیم هێما و سیمبۆلەکانی پێشمەرگە لەنێو دەبات

بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە گوندی دزەی مەرگەوەڕ پەیکەرەی هەڵۆیان لابرد.

پاش دانانی پەیکەرەی هەڵۆ کە سیمبۆلی پێشمەرگەیە لە مەیدانی ئەسڵی گوندی دزەی مەرگەوەڕ سەر بە شاری ورمێ، شۆرا و دێهیاری ئاوگوندە کەوتنە ژێر گوشار و هەڕەشەی ڕێژیم و داوایان لێکرا ئەو پەیکەرەیە لابەرن.

ڕێژیم بە بیانووی ئەوەیکە ئەو هەڵۆ ڕەمز و لۆگوی پێشمەرگە و هەروەها هەڵۆکانی زاگرۆسە و بە وتەی خۆیان چەندین ئەندامی سەر بە ڕێژیم لەو گوندە بە دەستی هەڵۆکانی زاگرۆسەوە کوژراو یان بریندار بوون، هەڕەشەیان لە شۆرا و دێهیاری ئەو گوندە کردووە کە دەبێ ئەو پەیکەرەیە لاببەن.

لەو پێوەندییەدا، هاوینی ئەمساڵیش ڕێژیم بە فەرمی داوای خراپ‌کردنی پەیکەرەی ئەو هەڵۆیەیان کردبوو بەڵام شۆرا و دێهیاری گوند دژی ئەو بڕیارە وەستانەوە؛ دواجار ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٩ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی، ڕێژیم هەڕەشەی دەستگیرکردنی ئەندامانی شۆرا ودێهیاری ئەو گوندەیان کرد و ڕۆژی هەینی پەیکەرەکەیان تێک دا. ئەو کارەی بەرپرسانی ڕێژیم تووڕەیی و نارەزایەتیی دانیشتوانی گوندی دزەی مەرگەوەڕی لێکەوتووەتەوە.

هەڵۆکانی زاگرۆس بڵاویان کردووەتەوە کە هێزی چەکداری چالاکی خۆیان بە پاڵپشتی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەزانن و پشتیوانی لە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کاسبکارەکەن و ناهێڵین تاوانی سەرکوت و تاڵان و ڕاووڕوت لە کوردستان لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە بێ وەڵام بمێنێتەوە.

# کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرین و ئەندامێکی حیزبی دێموکرات



کاک "ئەحمەد ڕەسووڵی" پێشمەرگەیەکی دێرین و ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەڵکی شاری شنۆ لە کوردستانی باشوور ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٧ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی کاک "ئەحمەد ڕەسووڵی" ناسراو بە "ئەحمەد ئاغای خاڵتاوێ" لەدایکبووی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی بە هۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی ڕزگاریی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

کاک ئەحمەد ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی پەیوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگرێت، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکات و دەبێت بە پێشمەرگە، ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بەهۆی گرفتی بنەماڵەیی دەگەڕێتەوە شاری شنۆ و بۆ ماوەی ٣ مانگ دەستبەسەر دەکرێت، بەڵام کاک ئەحمەد وەک ئەندامێکی چالاک درێژە بە خەبات دەدات، ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی لە لایەن ڕێژیمەوە دەستبەسەر دەکرێت بۆ ماوەی ٣ ساڵ زیندانی دەکرێت، ڕێکەوتی ٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی بە ناچاری ڕۆژهەڵات بەروە و باشووری کوردستان بەجێ دێڵێت و لە شاری هەولێر وەک ئەندامێکی ئاشکرای حیزبی دێموکرات درێژە بە خەبات دەدات.

ناوبراو تاکوو کۆتایی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی دێموکرات مایەوە و وەک کەسایەتییەکی نیشتیمانپەروەر و خەباتگێڕێکی خۆڕاگر درێژەی بە خەبات دا.

تەرمی کاک ئەحمەد لە گۆڕستانی گووندی "مۆتکەی" سەر بە شاری هەولێر لە نێو ئاپۆڕای خەڵکدابە خاک ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# ئەندامێکی حیزبی دێموکرات ماڵئاوایی لە ژیان کرد

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی شاری مەهاباد بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

کاک "عومەر حەیدەری" بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە گوندی سەرچناری ناوچەی چۆمی مەجیدخان کۆچی دوایی کرد.

کاك عومەر لە گوندی سەرچنار لە دایکبووە، لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆمیتەی مەهابادەوە گرت و لە کار و چالاکی پێشمەرگانە لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان بەشداری هەبووە و هەتا کۆتایی ژیانیشی وەفادار بە ڕێبازی قاسملوو مایەوە.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٩٥ی هەتاویدا، تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو و دوای ساڵ و نیوێک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشییەکەی بەداخەوە لە شەوی دووشەممە ڕێکەوتی ٦ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی، ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

جێگای ئاماژەیە ناوبراو لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر چاوی بە دنیا هەڵێناوە و لە تەواوی بڕگەکانی خەبات بەشداری چالاکانەی هەبووە و هەنووکەش یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزبی دێموکرات

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

کاک "عەبدوڵڵا سەفایی" تەمەن ٢٥ ساڵ کوڕی حەسەن، خەڵکی "قۆزلووی" هەوشار بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە جاددەی مەهاباد ـ سەردەشت ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ناوبراو ئەندامێکی دڵسۆز و وفاداری حیزبی دێموکرات بوو و ئەرکی تەشکیلاتی حیزبی بەو پەڕی دڵسۆزییەوە بەجێ دەگەیاند. تەرمی کاک عەبدوڵڵا سەفایی لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# ئەندام پارلەمانێکی کانادا داوای پشتیوانی بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزە لە کرماشان دەکات

ئەندام پارلەمانی کانادا، تام کمیەچ (Tom Kmiec) لە دانیشتنێکی پارلەمانیدا، ڕەخنەی توندی لە ڕێژیمی ئێران گرت و وتی: حکوومەتی ئێران یارمەتی نێودەوڵەتییەکان بۆ لێقەوماوان لە کرماشان ڕەت کردووەتەوە و هەروەها سیاسەتی هەڵاواردنی لە هەمبەر لێقەوماوانی گرتووەتە بەر.

تام کمیەچ لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد، کە قەیرانی مرۆیی لە کوردستان لە ئارا دایە، قەیرانێک کە پاش بوومەلەرزەکە خراپتر بووە.

هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە دیمەنی ئەو کارەساتە و نارەزایەتییە لە کوردستان دژ بە ڕێژیمی ئێران لە سەر ئینتێرنێت سەرنجی دنیای بۆ ئەو کارەساتە ڕاکێشاوە.

ئەو ئەندام پارلەمانەی کانادا، وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لە گەڵ لێقەوماوانی کرماشان، داوای لە حکوومەتی کانادا کرد، گوشار بخاتە سەر ئێران کە کۆتایی بە سیاسەتی هەڵاواردن دژ بە کورد بێنێت و یارمەتی لێقەوماوان بدات.

داواشی کرد کانادا دەستی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی کرماشان درێژ بکاتەوە.

جێگای ئاماژەیە کە ناوبراو لە وتەکانیدا لە جیاتی پارێزگای کرماشان، دەستەواژی "ڕۆژهەڵات"ی بەکار هێناوە.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتیش لە وڵاتی کانادا، "کەژاڵ محەممەدی"، لەگەڵ ئەندام پارلەمان تام کمیەچ و کۆمەڵێک ئەندام پارلەمانی دیکەی کانادا، بۆ ئاگادارکردنیان لە ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانیی لە گەلی کورد لە پەیوەندی بەردەوامدا بووە.

# تاڵانەکانی ڕێژیمی ئێران لە کرماشان بەردەوامە

کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە جێگای یارمەتی بە خەڵکی لێقەوماو کەلوپەلی کۆکراوەی خەڵک بۆ خۆیان دەبەن.

لە دوای بوومەلەرزەی کرماشان خەڵکی ئەو شارە تووشی کارەساتێکی دڵتەزین بوون بەڵام ئەو ڕێژیمە هیچ یارمەتییەکی بە خەڵکی ئەو شارە نەدا و تەنانەت یارمەتییەکانی خەڵکیش بۆ خۆی دەبات و ڕەوانەی سووریە و عێراقی دەکات.

ئەو کانێکسانەی کە لە لایەن خەڵکەوە بۆ کرماشان دەنێردرێن، کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە کانێکسە نوێیەکان بۆ خۆیان دەبەن و بە جێگای ئەو کانێکسی کۆن بە خەڵک دەدەن و سەرەڕای ئەوەش بەرپرسانی ڕێکخراوی سپای تێرۆریستی ڕێژیم بە خەڵکیان ڕاگەیاندووە کە ئەو کەسانەی کانێکس وەردەگرن دەبێ بڕی ٥ میلیۆن تمەن پارە بدەن.

خەڵکی کوردستان دوای ئەوەیکە دیتیان بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە سەرپەنا بۆ بوومەلەرزەلێدراوانی پارێزگای کرماشان دروست ناکەن و سەرما و سۆڵە هەڕشە لە گیانی هاووڵاتیان دەکات خەڵک کانێکسیان بۆ خەڵک نارد بەڵام ڕێژیمی ئێران ئەو یارمەتیەش بۆ خۆی دەدزیت و ئەوەش لە کاتێک دایە کە کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە تەنانەت بە خێوەتیش سەرپەنایان بۆ دابین ناکات.

دۆخی نالەباری ژیانی لێقەوماوانی کورد لە پارێزگای کرماشان بە هاتنی وەرزی سەرما و بارینی باران و بەفر و دەسپیکی زریان و ڕەشەبا هێندەی دیکە سەخت و دژوار بووە و بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە وەک هەمیشە بەڵێنی پووچ دەدەن.

## درێژەی پەیف

پێکهاتەکانی دیکەی جینۆساید کردووە و لە نێو ماڵی شیعەکانی لایەنگری دەوڵەتیشدا هەزار گرفت هەیە، کەچی لە لێدوانەکانیاندا وادەنوێنن کە گرفتی سەرەکی یەکنەبوونی کوردە وگەر کورد هەموو پێکەوە بن، ئەوان گوێ بۆ قسەکان و داواکانیان دەگرن!

کۆماری ئیسلامی خۆی ئەوەندەی کێشە و چەندبەرەکی تێدا هەیە کە وای لێهاتووە هەرکەس دەبێ بە سەرکۆماری ئەو ڕێژیمە هەزار دۆعا دەکا دەورەکەی کۆتایی پێ نەیە دەنا دوای سەرکۆمارییەکەی یان دەکوژرێ یان لە ماڵی خۆیدا زیندانی دەکرێ!

تازەترین نموونەیان خنکاندنی ڕەفسەنجانی و پەنابردنە بەر شابدولعەزیم و ئاربەبا لەلایەن ئەحمەدی‌نژاد و لایەنگرانییەوە بوو. ئیتر هەموو چەنددەستەیی و سیخوڕییەکانیان لە سەر یەکتر و هەڵهاتنی کوڕان و کچانیان بۆ بریتانیا و ئامریکا و ... لەولاوە بوەستێ!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی درێژکراوی تاران لە بەغدا بە هێزی بیانی و بە قەرز و قۆڵەی جیهانی بەپێوە ڕاوەستاون، کەچی لەبەر ئەوەی کورد شانی لە شانی دەسەڵاتەکانی تاران و بەغدا داوە، دەیانهەوێ کورد بە خۆیەوە خەریک بێ و گرفتە سەرەکیەکە فەرامۆش بکا.

پرسی سەرەکی لە ئێران ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی بەتاڵان بردووە و بە فەرمانی جیهادی خومەینی کوردستانی داگیر کردووە، ئەوەی هەیە حاڵەتی داگیرکەری و بە پشتیوانیی زلهێزەکانی وەکوو ڕوسیەیە و هەتا ڕەوشی داگیرکاری نەگەڕێتەوە دواوە و سوپای داگیرکەر لە کوردستان پاشەکشێ نەکا، پرسەکانی دیکە لاوەکین؛ هەروەک چۆن لە عێراقیشدا، ئەوەی بەغدا چەسپاندوویە بە حەشدی سەر بە سوپای پاسداران و بە چەکی بیانیە و بەشێکی کوردستانی داگیرکردووە.

کۆمەڵگای کوردستان لە هەر بەشێکیدا دەبێ جیاوازییە نێوخۆییەکانی ببینێ، بەڵام وەکوو خەڵکی بابلی لێ نەیەت کە ئەوەندە بە نێوخۆیەوە خەریکی بکەن کە دوژمنی سەرەکی لێ ون بێ.

# خەڵکی کوردستان بەردەوام یارمەتی بۆ بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشان کۆ دەکەنەوە




کوردستانی ڕۆژهەڵات بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە و بە شێوەکەی چڕوپڕتر یارمەتی بۆ خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی کرماشان کۆ دەکەنەوە و بە هانای هاونیشتمانیانی خۆیانەوە دەچن.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە خەڵک لە شارەکانی شنۆ، سەقز، سنە، مەهاباد و چەند شاری دیکەی کوردستان و ئێران کانێکس بۆ خەڵکی لێقەوماوی کرماشان ساز دەکەن و بۆیان دەبەن تا لەژێر سەرمای وەرزی سەرمادا سەرپەنایان هەبێت.

بە هۆی هاتنی باران و هەستانی لافاو لە کرماشان دۆخی ژیانی خەڵک زۆر دژوار بووە و ڕێژیمیش هیچ یارمەتییەکی خەڵک نادات. ڕێژیمی ئێران بە جێگای ئەوەیکە یارمەتی خەڵکی لێقەوماو بدات دەس بەسەر یارمەتییە خەڵکییەکاندا دەگرێت بۆ خۆی دەبات تاکوو دەستوپێوەندییەکانی خۆی پێ تەیار بکات.

ئەم هەوڵە نوێ و جێگەی ستایشەی خەڵکی کوردستان لەمەڕ سازکردن و ناردنی کانێکس و سەرپەنا بۆ بوومەلەرزەلێدراوانی پارێزگای کرماشان لەکاتێکدایە کە لەڕاستیدا ئەوە ئەرکی حکومەتە کە لەمبارەوە کارئاسانی تەواو بکات بەڵام ڕێژیم بەهۆی کوردبوونی قوربانیانی کارەساتەکەی کرماشان ئامادە نییە تەنانەت بە دانی خێوەتیش سەرپەنایان بۆ دابین بکات.

# ڕێبەریی لێبڕاو و هێزی پێشمەرگەی کاریگەر زامنی سەرکەوتنن

**جاقل**

شەڕی داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر بە نەتەوەی کورد بە گشتی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتایبەتی، تەنیا بە ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی نەبەستراوەتەوە بەڵکوو دوژمن لە ڕێگای جیاجیا و یەک لەوان پڕوپاگەندەی بێبنەما بەردەوام هەوڵ دەدات پرش و بڵاوی لە نێو ماڵی کوردان دروست بکات تاکوو بەمشێوەیە زیاتر بتوانێت بە ئامانجە گڵاوەکانی بگات.

یەکێک لەو تەبلیغاتە بێ بنەمایانە ئەوەیە کە گوایە: کورد بۆ ڕزگاری و سەربەستی خۆی کەم هەوڵ دەدات و زۆرتر پشتی بە وڵاتانی بیانی و زلهێز بەستووە هەتا مافە نەتەوایەتییەکانی بۆ دەستەبەر بکەن!!! مێژووی خەباتی میللەتی کورد و ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو سەلماندیان کە میللەتی کورد بۆ خۆی هەمیشە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا بووە و هەیە و تەنیا داواکاری لە وڵاتە زلهێزەکان ئەوەیە کە پشتگیری داگیرکەرانی کوردستان نەکەن و دەسکەوتی خەباتی نیشتمانەکەیان بە تاڵان نەبەن کە بە داخەوە هەتا ئەم کاتەش هیچ پاڵپشتییەکی کردەیی نێودەوڵەتی لە کورد و مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان نەکراوە، جگە لە هەندێ قسەی هەمیشەیی و دروشمی بریقەدار و ڕەنگا و ڕەنگ نەبێت.

وڵاتانی زلهێز بەپێی بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیژییەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان هەڵسوکەوت دەکەن و ئەوان ناتوانن بۆ ئێمەی کورد نە دۆست و نە دوژمنی تا سەر و هەتاهەتایی بن؛ کورد دەتوانێت لەم زەرفییەت و بەستێنانە بەپێی ئیمکان کەڵک وەربگرێت تاکوو زیاتر لە ئازادی و ڕزگاری نەتەوەیی نیزیک ببێتەوە. کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە ڕۆژهەڵاتیشەوە ئێستا ئەکتەرێکی چالاک و حاشاهەڵنەگری نێو ئەم ململانێ سیاسیانەیە. لەم چەند ساڵەی ڕابردووشدا دەبینین کە بە شێوەی ئاشکرا و بوێرانە لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزبە کوردییەکانەوە جەخت لە بەهێزترکردنی هێزە کوردییەکان کراوە.

بەڵێ ... تەنیا ئەو کاتە ئێمەی کورد دەتوانین لەم زەرفییەت و دەرفەتانە کەڵک وەربگرین کە خاوەنی هێزی یەکگرتوو و شوێندانەر بین؛ هێز، هاوکێشەکان دەگۆڕێت و ئیرادەی نێو کۆمەڵگا بە نیسبەت هەنگاو هەڵگرتن و نرخ دان بۆ مافە میللییەکان چەندین قات بەرز دەکاتەوە؛ هێز دەتوانێت شێوەگەل یان ئامرازگەلی جیاجیا بێت کە لە دەست ڕێبەرایەتی میللەتی کورد یان حیزبێکی کوردیدا وەک کارتی گوشار لە کاتە پێویستەکاندا بە دژی دوژمنی داگیرکەر کەڵکی لێ وەربگیرێت؛ هێزی نیزامی لە هەموو وڵاتانی جیهاندا وەک ترۆپکی سەرجەم ئەو هێزە هێرشبەرانە یان بەرەنگاری کارانە سەیر دەکرێت کە وڵات یان نەتەوەیەک یان کۆمەڵگایەک لە نێوخۆیدا بەرهەمی دەهێنێت.

لە کوردستاندا ئەو هێزە هێزی پێشمەرگەیە؛ پێشمەرگە مرۆڤێکی بەرهەڵستکارە کە بۆ داکۆکی لە مان و مەوجودییەتی خاک و نەتەوەکەی و پاش سەپاندنی شەڕ لە لایەن دوژمنەوە بەسەر گەلەکەیدا دەستی بۆ چەک بردووە و بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی نەتەوەکەی ئامادەی هەموو چەشنە گیانبازییەکە. لە نێوخۆی کۆمەڵگای کوردستاندا، ئازادی ڕاگەیاندن و ڕادەربڕین بە لەونێک بووەتە پاژنە ئاشیلی کۆمەڵگا و خەباتی کورد و کەسانێک بە ئەدەبیاتی داگیرکەر، یان لێکدانەوەی هەڵەی بەئەنقەست یان کەڵک وەرگرتنی دوژمنکارانە لە وتاری ئاشتیخوازانەی حیزبە کوردییەکان کە داواکاری چارەسەرکردنی کێشەی کوردن لە ڕێگای دیالۆگەوە، لە هەوڵدان دەور و کاریگەری هێزی پێشمەرگە و هێزی نیزامی کەم بکەنەوە و ڕای جیاواز و سەیر و سەمەر تێکەڵ بەم پرس و بابەتە گرینگە بکەن تاکوو لە ژێر ئەم دەمامکەدا بە ئامانجە چەپەڵەکانیان بگەن. (هەرچەند کە پێشمەرگە تەنیا هێزێکی نیزامی نییە، بەڵام لەم نووسراوە کورتەدا زۆرتر تیشک دەخرێتە سەر باری نیزامیەکەی)

خوێنەرانی هێژا؛ کەسی سەرکەوتوو و براوە ئەو کەسە نییە کە تەنیا پلانە سیاسی و نیزامییەکان دادەڕێژێت یان ڕێگای چارەسەرکردنی گرفتەکان دەدۆزێتەوە بەڵکوو ئەو کەسەیە کە بەرپرسایەتی تەواوی ئەو کارانە لە مەیدانی کردەوەدا لە ئەستۆ دەگرێت و بە جێگای شانازی کردن و لەخۆبایی‌بوون بۆ هێزی زیاتر هەوڵ دەدات؛ ئەو قارەمانە بەجەرگ و دلێرە لە کوردستان کەسێک نییە جیا لە پێشمەرگە.

شەڕ بە هەر دوو شێوەکەیەوە (بەرگریکارانە و هێرشبەرانە) فەن و هونەرێکە کە ئەگەر بێت و لەلایەن سەرکردە یان میللەتێکەوە بە کەم بایەخ دابنرێت، لێهاتوویی و ئیرادەی ئەو میللەتە دەباتە ژێر پرسیار. "ناپلئۆن بۆناپارت" سەرەڕای سەرەڕۆیی و زێدەخوازییەکانی، نموونەی کەسێکی شەڕکەر و شارەزای کەم وێنەی لایەنی نیزامی بوو؛ ئەگەرچی کۆمەڵانی خەڵک لەژێر چەتری شۆڕشی فەرانسەدا کۆببوونەوە بەڵام ئەوە ناپلئۆن بوو کە بە ڕۆحییەی جەنگاوەرانەی خۆی توانی کەڵکی پێویست لەو خەڵکە لە ڕێگای نیزامیدا وەربگرێت و جوغرافیایەکی بەربڵاوتر لە زەمەنێکی تایبەتدا بۆ فەرانسە دروست بکات؛ ئەو هەمیشە ڕێزی لە جەنگاوەران وەردەگرت و پاداشتی بوێرییەکانیانی دەدایەوە.

فەلسەفەی بوون و خەباتی پێشمەرگە، زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو خوێنڕێژیە بێ‌بەزەییانەی کە لە مێژووی زۆربەی وڵاتان و سەرکردەکانیاندا، بە ناپلئۆنیشەوە، دەبینرێت؛ بەڵام وەبیرهێنانەوەی ئەم برگە کە هێزی چەکدار و شۆڕشگێڕ دەتوانێت دەسکەوت و سەربەرزیگەلی بێ‌هاوتا بۆ نەتەوەکەی تۆمار بکات گرینگی تایبەتی خۆی هەیە. ناپلئۆن پێی وابوو ململانێیەکی بچووک دەتوانێت ببێتە شەڕ و براوەی شەڕەکە دەتوانێت لایەنی شکست خواردوو لە سەر مێزی وتووێژ ملکەچی خواست و داواکارییەکانی خۆی بکات.

مێژووی نوسراو سەرەڕای بەکەڵک بوونی، پڕە لە چەواشەکاری و هەڵگەڕاندنەوەی ڕاستییەکان بە قازانجی دەسەڵاتی باڵادەست و مرۆڤ ناتوانێت بە حەقیقەتێکی ڕوون و بێ خەوش بگات؛ لێرەدا بەمەبەستی ڕوونتر بوونی باسەکەمان چەند نموونەیەکی مێژوویی دەهێنینەوە: کوروش یەکێک بووە لە خوێنڕێژترین و فێڵاویترین شەڕکەرەکانی نەتەوەی خۆی، کەچی دەبینین ئەمڕۆ لە فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەی فارسدا وەک سیمبولی بەزەیی و ئینساندۆستی بانگەشەی بۆ دەکرێت !!! ناپلئۆن پێی وابوو لەشکرێک کە خاوەنی فەرماندەیەکی خراپ بێت سەرکەوتووتر دەبێت هەتا لەشکرێک کە خاوەنی دوو فەرماندەی باش بێت؛ ئەو ئەگەرچی ئامانجی بۆ مارشاڵەکان دیاری دەکرد بەڵام هەمیشە دەستیانی ئاوەڵا دەهێشتەوە هەتا بەپێی خەلاقییەت و زانستی خۆیان بەرەو ئامانجەکان بڕۆن؛ لە ئیسپانیادا خەڵکی ڕەش و ڕووت و ئاسایی بەرەنگاری لەشکری فەرانسە بوونەوە، ئەو خەڵکە ئەگەرچی نەیانتوانی شکست بە هێزی داگیرکەری فەرانسە بێنن بەڵام توانیان خەسارەتی زۆر لەو لەشکرە بدەن و لە هەمان حاڵیشدا هێزێکی زۆریش بە خۆیانەوە و بە ئاسایشی ئیسپانیاوە سەرقاڵ بکەن کە لە کەم کردنەوەی تواناییەکانی لەشکری فەرانسەدا کاریگەری زۆریان هەبوو؛ لە ڕوسیادا هەر ئەو هێزە خۆبەخشە ( بە پێچەوانەی ئیسپانیا ، حکومەتی ڕوسیا هەم خەڵکەکەی سازمان دەدا هەم چەکی پێویستیانی بۆ دابین دەکرد) توانیان باندۆڕی زۆریان هەبێت لە شکستی فەرانسەوییەکاندا. بڕوابەخۆنەبوون و بانگەشەی هەندێ لایەن و میدیای جێگای گومان وتواندنەوەی بەشێکی بەرچاوی نوخبە و بە ناو ڕۆشنبیری کورد، لە شتە لاوەکیەکاندا بووەتە هۆکاری ئەوە کە وەها پیشان بدرێ دیفاعی چەکداری بەرانبەر بە داگیرکەر کارێکی هەڵەیە یان خەیانەت تەنیا لە ناو میللەتی کورد و حیزبە کوردییەکاندا هەیە و هتد ...

بەڵام وا نییە ... کاتێک کە (تالیران) وەزیری دەرەوەی ناپلئۆن لە بەرفراوان بوونەوەی ئیمپراتوری ناپلئۆن و شەڕە یەک لە دوای یەک و بێ کۆتاییەکانی ناپلئۆن ترسی لێ نیشت، ئەو لەگەڵ "فووشە" و چەند مارشاڵێکی دیکە ژێربە ژێر لەگەڵ وڵاتە هاوپەیمانەکان بەدژی ناپلئۆن ڕێککەوتن، کە لە ئاکامدا پاریسیان تەسلیمی هێزی هاوپەیمانان کرد. ئەم برگە دەتوانێت لەگەڵ زێدەخوازی و دەستتێوەردانەکانی ئێرانی ئەم سەردەمە لە وڵاتانی جیهان و ناوچەکەدا هاوشێوە بێت و لەوانەیە هەر ئێستا زۆر کاربەدەستی تالیران و فووشەڕەنگ لە تاران، پارێزەری بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی بیانی و زلهێزبن .

ناپلئۆن پێی وابوو بۆ شەڕ پێویست ناکات بودجەیێکی زۆر تەرخان بکرێت؛ ئەو هەموو جار دەیگوت: شەڕ بە شەڕ دەژییێتەوە. ژیانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە و هەتا ئێستاش زۆر نیزیکە لەم پەندە نیزامیەی ناپلئۆن. هەر بۆیەش ناپلئۆن بەردەوام دەوڵەمەندی وڵات و ئاسایشی ناوخۆی فەرانسەی لە نانەوەی شەڕ لە دەرەوەی سنورەکانی فەرانسەدا دەدیتەوە؛ ئەو بە ڕێککەوتنی بە ناو ئاشتی لەگەڵ وڵاتانی شکستخواردوو ئەو وڵاتانەی ناچار دەکرد ڕێژەیەکی بەرچاوی داهاتی ساڵانەی خۆیان وەک باج پێشکەش بە ئیمپراتوری فەرانسە بکەن. ئەمە بێجگە لەوە بوو کە لە کاتی شەڕدا تاڵان و بڕۆ و دەسکەوتگەلێکی ماددی زۆریان لەگەڵ خۆیان بەرەو فەرانسە دەبردەوە؛ لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا ئەم شەڕانە توانیان ناپلئۆن یان کەسانی هاوشێوەی ئەو لە سەر کورسی دەسەڵات بهێڵنەوە؟؟ وەڵامەکەی پڕئاشکرایە نەخێر؛ بەڵام ڕۆحییەی بەرەنگاری و جەنگاوەرانە و بوونی هێزی شەڕکەر و ئەرتەشی یەکگرتوو بۆ هەموو وڵات و نەتەوەیێک شتێکی زەروری و پێویستییێکی بێ ئەملاو ئەولایە و هەر وەک ناپلئۆن بە فەرماندەکان و میللەتی فەرانسەی وت : "ئێمە نابێت وەک یۆنانییەکانی دەورانی ڕۆم مان لێ بێت کە کاتێک مەنجەنیقەکانی دوژمن دیوارەکانی شارەکەیانی وێران دەکرد ئەوان خەریکی دەمە دەمێ و چەلەحانێ و قسە بە زۆراندان دا بوون ..."

سەرپەلە بچکۆلانەکەی تۆپخانە و کوڕە سەرسەختەکەی (کرێس) سەربازەکانی خۆی خۆش دەویست و بەناو دەیانیناسی و لە گەڵیاندا گاڵتە و گەپی دەکرد و لە ناویاندا دەژیا. ئەوانیش فەرماندە نەترس و مەرگبەزێنەکەی خۆیان خۆش دەویست و بوون ونەبوونی خۆیان لە مانەوەی ئەودا دەدیتەوە. هاوڕێیانی خوێنەر لێرەدا پیویستە ئاماژە بە چیرۆکێکی ڕاستەقینە بکەم کە جێگەی پەندوەرگرتنە؛ حەزدەکەم ئەوەش باس بکەم کە کاتێک خەڵکی خۆبەخشی ئیسپانیا، بەرەنگاری لەشکری فەرانسە بوونەوە فەزایەکی ئەوتۆیان بۆ هێزە فەرانسەوییەکان خوڵقاند کە مەرگیان بە ئاوات دەخواست؛ بۆ نمونە جارێکیان ژنێک خۆی و منداڵەکەی لە دێیەکدا مابوونەوە، ماڵەکە خواردەمەنییەکی بەرچاوی تێدا بوو، فەرماندەی هێزە فەرانسەوییەکان لە ترسی ژەهراوی بوونی خواردەمەنییەکان نەیهێڵا لە پێشدا سەربازەکان لەو خۆراکانە بخۆن، بۆیە داوای لە ژنەکە کرد کە لەو خواردەمەنیانە بخوات، ژنەکە خواردی، فەرماندەکە بۆ دڵنیایی زیاتر داوای کرد کە بە منداڵەکەیشی بدات هەتا بیخوات و ژنەکە ئەو کارەیشی کرد. کاتێک کە هێزە فەرانسەوییەکان لە ژەهراوی نەبوونی خواردەمەنییەکان دڵنیا بوونەوە ، دەستیان کرد بە خواردن، مەخابن لە ئاکام دا دایک و منداڵەکەو نیزیک بە بیست کەس لەو سەرباز و فەرماندانە بە هۆی ژەهراوی بوونی خواردەمەنیەکان بە کوشت چون . یان کاتێک کە ناپلئۆن بۆ یەکەم جار بۆ دورگەی (ئیلب) تەبعید کرا ماری لوئیز هاوسەری ناپلئۆن خۆی و کوڕە چکۆلەکەی چوونەوە بۆ ماڵ باوکی کە ئیمپراتوری ئوتریش بوو ماری دواتر وتی : ئەگەر لە بەر مەسڵەحەتی وڵاتەکەم (ئوتریش) نەبا ، قەتم شوو بە ناپلئۆن نەدەکرد؛ یان کاتێک کە پاش یازدە مانگ دوورخرانەوە لە دورگەی ئیلب ناپلئۆن ڕاوێژی لەگەڵ دایکی کرد کە دەیویست بە نهێنی بەرەو فەرانسە بگەڕێتەوە و شەڕی مان و نەمان بکات، (لتیسیا) زۆر بوێرانە دەستی نەهێنایە ڕێگای و داوای لێکرد بێ دڵەڕاوکێ بەرەو چارەنووسی خۆی بڕوات. ئەم سێ نمونەیەش نمونە گەلێک بوون لە دەور و تەئسیری ژن بە نیسبەت خۆشەویستی نیشتمانە جیاوازەکانی خۆیانەوە .کە ڕەفتاری هەر کامێکیان وانەیێکی پڕ لە شانازی و فێر بوون و سەروەریە بۆ وڵاتی خۆیان و نەتەوەکانی دیکەیش کە لە ناخێکی جەنگاوەرانەوە هەڵقوڵابوون . ژنان و کچان ودایکانی کوردستان هیچیان لەم ژنانەی مێژوو کەمتر نییە ، پێشمەرگە قارەمان و گیان لە سەر دەستەکانی ئێمە لە باری بوێری و گیانفداییەوە هیچیان لە هێزە ئەفسانەخوڵقێنەکان و سەربازانی مێژوو کەمتر نییە.



**ناپلئۆن:**
**ئێمە نابێت وەک یۆنانیەکانی دەورانی ڕۆم مان لێ بێت کە کاتێک مەنجەنیقەکانی دوژمن دیوارەکانی شارەکەیانی وێران دەکرد ئەوان خەریکی دەمە دەمێ و چەلەحانێ و قسە بە زۆراندان دا بوون ...**

ئەوەیکە ڕوونە و لەو نموونە مێژووییانەشدا باس کران، ئەو ڕاستییەیە کە خەباتی گەلی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری پێویستی بە هێزی کاریگەر هەیە؛ بەتایبەت لەم بڕگە زەمەنییە هەستیارەدا کە ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات پێیدا تێدەپەڕێ؛ ئەم هێزە شوێندانەرەش کە بتوانێ لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا باندۆڕی هەبێ بریتییە لە هێزێکی لێبڕاوی شۆڕشگێڕی پێشمەرگانە کە ئامادە بێت لەپێناو بایەخ و نۆرمە شۆڕشگێڕییەکاندا نرخ بدات، بەڵام بۆ گەیشتن بە وەها هێزێک لەپێشدا پێویستە ڕێبەرییەکی شۆڕشگێڕی لێبڕاو هاوشێوەی مامۆستایانمان دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و کاکۆ و فەرماندە سەرکەوت، گیانێکی نوێ بە خەباتەکە بدەن.

هەروەک شەهید دوکتور قاسملوو فەرمووی: "ئەگەر ئێمە وەک ئەم نەسڵە ئەرکی خۆمان بەچاکی بەجێ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین کە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نەبێ. هەروەها ئەگەر نەسڵی ڕابردوو یان نەسڵەکانی ڕابردوو بە چاکی ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابا ڕەنگ بێ ئەو نەسڵەی ئێمە شەهیدی نەدەبوو." ئەگەر ڕۆژێک شەهید کاک دوکتور قاسملوو دەیفەرموو ئێمە ئامادەین لە گەڵ تاران وتووێژ بکەین، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەوەندەی گوشار خستبووە سەر ڕێژیمی تاران کە هومێدێک بە وتووێژ ببێت؛ لە ئێستاشدا تەیارکردنی هێزی پێشمەرگە بە چەکی باش و دابینکردنی پێویستییەکانی زۆر گرینگە؛ پێشمەرگەی سەنگەر باشترین و قارەمانترین ڕۆڵەی کوردە. پێشمەرگە خاوەنی بیری ئینسان دۆستی و نیشتمانپەروەرییە و بۆ لابردنی هەر چەشنە ستەم و هەڵاواردنێک خەبات دەکات، پێشمەرگە لە شەڕێکدا کە داگیرکەری کوردستان بە سەر نەتەوەکەیدا سەپاندویەتی، داکۆکی لە خاک و خەڵکەکەی دەکات و بەرپەرچی داگیرکەر و هێزی تێرۆریستی داگیرکەر دەبێتەوە . بۆیە دەبێت هەموو تاکێکی کورد ڕێز لەو خەبات و فیداکاریانەی پێشمەرگە بگرێت و بە هەموو شێوەیێک بەرانبەر بەو کەسانە بوەستێتەوە کە دەیانهەوێت لە بایەخ و ئەرزشی کاری پێشمەرگایەتی کەم بکەنەوە.

# ئاو، کۆڵەکەی ستراتیژی داهاتووی کوردستان



ئاگری ئیسماعیل نژاد

بەشی یەکەم

**پوختە:**
ئێران لە ئێستادا لە قەیرانێکی ژینگەیی و ئاویی دایە و هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە ژینگەییە ئەوەیە کە سەرچاوەی ئاویی ئێران ڕووی لە کەمی ناوە. بە دوو مانا، واتای یەکەمی: ئاو وەک کۆڵەکەی سەرەکیی گەشە لە بواری چەندایەتییەوە ڕووی لە کەمی ناوە و هێندێ ناوچەی ئێران وەک ناوچەی تینوو پێناسە دەکرێت و هاوکات نەمانی ئاو لە ژینگەدا لەگەڵ خۆی کۆمەڵێک قەیرانی ژینگەیی وەک وشکبوونی تاڵاوەکان، خۆڵبارین و ڕۆچوونی زەوی ساز کردووە.
**واتای دووهەم:** ئەو ڕێژە ئاوە، بۆ وەدیهێنانی خواست و ویستی کۆماری ئیسلامی زۆر کەمە، واتە ژینگە گەورەترین بەربەستی سەر ڕێی کۆماری ئیسلامییە بۆ وەدیهێنانی خەونەکانی.
خاڵی گرینگی ئەو وتارە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ دەرچوون لە قەیرانی ئاویی ناوەند و بۆ دابینکردنی خواست و ویستی خۆی، کوردستان وەک شارێیەکی ئاو سەیر دەکات؛ لێرەدا ئێمە تەنیا لەگەڵ قەیرانێک بەرەوڕوو نین، کە کارتێکەری ڕاستەخۆی لەسەر سیاسەتی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامیدا هەیە، بەڵکوو ئێمە لەگەڵ قەیرانێک بەرەوڕووین کە هاوکات هەم دەسەڵاتی ناوەندی تووشی ئاڵۆزی کردووە و هەم کوردستان وەک شارێی دەرچوون لەو قەیرانە پێناسە دەکرێت کەوایە ناوەندی ئێران کە لە ڕووی سیاسی و ئابووریی و فیکرییەوە، ناوەندی دەسەڵاتی سەرکوتی کوردستانە، تووشی قەیران هاتووە و ڕێگای دەرچوون لەو قەیرانەش بە کوردستاندا تێدەپەڕێت.
قەیرانی ئاوی ناوەند لە ئێستادا بۆ کوردستان هاوکات هەم مەترسییە و هەمیش دەرفەتە بۆ لایەنە ڕۆڵگێڕەکانی نێو گۆڕەپانی کوردستان. قەیرانی ئاویی ناوەند لە ڕوانگەی بەرژەوەندی کوردستانەوە سەیر بکەن و لە هەوڵدا بن ئاستی مەترسییە کە کەم بکرێتەوە و بەرینیی و کارتێکەری دەرفەتەکەش زیاد بکرێت.

**پێشەکی:**
ئاو یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکانی ژیان و شارستانییەتە و بنەمای سەرەکی گەشەی بنچینەیی و کۆڵەکەی پاراستنی ژینگەیە؛ هاوکات ئاو بنەمای بەرهەمهێنانی خۆراک و دابینکردنی پیشەیە.
ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ١٤٪ وشکایی جیهان لەخۆ دەگرێت، بەڵام ٥٪ی ئاوی خواردنەوەی جیهان لەو ناوچەیە هەڵکەوتووە و ئەوەش وای کردووە ئەو هەرێمە وەک هەرێمێکی بەیار پێناسە بکرێت بەڵام لە ئێستادا وڵاتانی کوێت، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، قەتەر، ئێران و سعوودیە لە دۆخی قەیرانی کەم ئاویی و وشکەساڵیدان.
کەم ئاویی و بەیاربوونی جوغرافیای ئێران لە پێنج ڕەهەندی سیاسی، ئەمنییەتی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە کارتێکەری لەسەر حکوومەت و کۆمەڵگای ئێران هەیە و ئەوەش وای کردووە کە کەمبوونی ئاو ببێتە هۆی قەیران لەو وڵاتەدا.
پێناسەی قەیرانی ئاو و هۆکارەکانی لەو بەشەدا سەرەتا پێناسەیەکی قەیران دەکەین دیارە لەم وتارەدا قەیران بەو مانایە دێت:
دیاردەیەکی زەختهێنەر کە لە دوو ڕەهەندی دەروونی_ کۆمەڵایەتی دەتوانێت ڕوانگە و گەڵاڵەکانی ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی تێک بشکێنێت و هاوکات ببێتە هۆکاری دژکردەوە، خەسار، مەترسی و پێداویستیی نوێ. ئەم دیاردەیە دەتوانێ دەرئەنجامی ڕووداوێکی سرووشتی یان کردەیەکی مرۆڤی یان تێکەڵێک لە هەر دووکیان بێت.
پرسیاری یەکەمی ئەو وتارە ئەوەیە "ئایا ئێران لە قەیرانی بێئاویدایە؟"
سەرەڕایی ئەوەیکە بە گەڕانێکی ئاسایی لە ئینتێرنێتدا یان بە گوێدانی زۆر ئاسایی هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە دۆخی ئاو لە ئێراندا ڕەنگە بۆ هەر خوێنەر و بیسەرێک دەرکەوێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی خوێندەوارییەکە دەردەکەوێت کە ئێران لە قەیرانی ئاودایە بەڵام بۆ سەلماندنی ئەم پرسیارە قسەی چەند بەرپرسی ئێران وەک بەڵگە دەهێنمەوە.

**بەڵگەی یەکەم:**
بەیانی ڕۆژی یەکشەمە ١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی حەسەن ڕوحانی سەرکۆماری ئێران لە ڕێوڕەسمی حەوتووی ژینگە گوتی: "ئێمە کاتێک دەڵێین دەبێ گەمارۆ زاڵمانەکان لابدرێ، هێندێ کەس چاویان زۆر هەتەر ناکات، گەمارۆکان دەبێ لاچێت هەتا سەرمایە بێتە نێو ئێران، هەتا کێشەی ژینگە، کار، پیشە و ئاوی خواردنەوەی خەڵک چارەسەر بکرێت".

**بەڵگەی دووهەم:**
"عیسا کەلانتەری، جێگر و ڕاوێژکاری حەسەن ڕوحانی لە بواری کشتوکاڵ، ئاو و ژینگە دەڵێت: "لە ساڵی ڕابردوودا وەزارەتی وزە غیرەتی ئەوەی نەبووە دان بە ڕاستییەکاندا بنێت بەڵام ئێستا قەیرانی وشکەساڵی گەیشتووەتە ئاستێک کە بەرپرسان تێگەیون وڵات ڕوو لە کاولبوونە. لە ئێستادا ٧٠٪ی جەماوەری ئێران سەرانەی ساڵێک ئاویان کەمتر لە ٩٠٠ میتری سێ گۆشەیە، ئەو ڕێژەیە بەپێی ستاندارد واتە کارەساتێکی گەورە.
عیسا کەلانتەری کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی هاشمی ڕەفسنجانیدا وەزیری کشتوکاڵ بووە لە کۆڕبەندێکی "بنیاد ملی امید ایرانیان" دەڵێت: "ئێران ٩٧٪ی ئاوی سەرزەوی خۆی خستووەتە کار و ئەوەش وای کردووە هەموو چۆمەکانی ئێران ڕوو لە وشکی بنێت، ئیتر ئاومان نەماوە". ئەو لە درێژەدا گوتی: "ئەو بابەتە بەو مانایەیە، ئەگەر هەر بەو شێوازە بەردەوام بین نزیکەی ٧٠٪ی ئێرانییەکان واتە نزیکەی ٥٠ ملیۆن کەس ناچار دەبن، وڵات بەجێ بهێڵن".
کەلانتەری لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: "بەرپرسانی حکوومەت هەتا ئێستا لەو باوەڕدا نەبوون کە وڵات ڕوو لە هەڵدێرە و ئێستا تێگەیشتوون. بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی ڕێژەی کەڵکوەرگرتن لە ئاوەکانی سەرزەوی نابێت زیاتر لە ٤٠٪ بێت. ئەوە لە کاتێدایە کە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو ڕێژەی بەکارهێنانی سەرچاوەگەلی ئاو، لە ئاستێکی باشدا خۆیان ڕاگرتووە و بەلایەنی زۆرەوە ٢٥٪ی سەرچاوەگەلی ئاویی خۆیان بەکار دێنن".
کەلانتەری لە درێژەدا ڕایگەیاند: "تەنیا دوو وڵات لە جیهاندا هەن کە ئاستی بەکارهێنانی سەرچاوەگەلی ئاوی سەرزەویان سەرووی ٤٠٪ە و ئەوەش وای کردووە ئەو وڵاتانە ڕوو لە قەیران بنێن. ئەو دوو وڵاتەش وڵاتی ئێران و میسرن. ئەوە لە کاتێدایە کە ڕێژەی بەکارهێنانی سەرچاوەگەلی ئاوی سەرزەوی لە میسر ٤٦٪ە بەڵام لە ئێران گەیشتووەتە ئاستی ٩٧٪، بۆ ئەوەی قووڵایی ئەو کارەساتە دەرکەوێت بڕوانە ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوی سەرزەوی لە چەند وڵاتی پێشکەوتوودا کە بەم شێوەیە: ژاپۆن ١٩٪، ئەمریکا ٢١٪، چین ٢٩٪، هیندوستان ٣٣٪ و لە وڵاتانی وەک ئیسپانیا کە لە ڕووی کەشوهەواوە هاوشێوەی ئێرانن تەنیا ٢٥٪ سەرچاوەگەلی ئاوی سەرزەوی خۆیان بەکار بێنن".
کەلانتەری وەزیری پێشووی کشتوکاڵ هەروەها گوتی: "ئەو مەسەلەیە بەو مانایەیە کە تەنانەت ئەگەر ڕێژەی بارانیش زیاد بکات و ئەو ئاوە، زەویش هەڵمژێ بەڵام شوێنێک بۆ پەسمەندەکردنی ئەو ئاوە نییە. دەرهاویشتەی ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاوەکە لەسەر زەوی بمێنێتەوە و ببێتە هەڵم. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی بەپیتی زەوییەکە دابەزێت، چونکە زەوییەکە دەبێتە شۆرەکات. لە ئێستادا دۆخی ئاویی شاری لە ئێران گەیشتووەتە ئاستێک کە هێندێ شار لە ڕووی ستانداردی نێودەوڵەتییەوە بووەتە "شاری مردوو"؛ بۆوێنە هێندێ شاری وەک شاهرود و نەیشابوور لە ڕوانگەی هیدرۆلۆژییەوە شاری مردوون و زۆربەی ناوچەکانی شاری ڕەفسجانیش هەروەک شاری مردوو بەحیساب دێت".

**بەڵگەی سێیەم:**
لێرەدا بۆ درێژەی باسەکە بەشێکی کورت لە دەقی قسەی "موحسن ڕەنانی" ئابووریناس، مامۆستای زانکۆی ئیسفەهان و ڕاوێژکاری باڵای ناوەندی ئاماری ئێران دێنمەوە: موحسن ڕەنانی لە کۆڕبەندی "ڕۆڵی باوەڕەکان، بایەخەکان و سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە دەسەڵاتدارێتیی ئاودا" هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە پێداگرە لەسەر ئەوی "قەیرانی ناوکی" قەیرانی ڕاستی نێو ئێران نییە دەڵێت: ململانێی ناوکی درنگ یان زوو چارەسەر دەبێت، ئامریکا هیچی پێناکرێت و قەیران و ئاڵۆزی لەگەڵ سعوودیش ناتوانێ ئێران تووشی ژانەسەر بکات بەڵام قەیرانی ئاو ئێران قووت دەدا و تەناهی نەتەوەیی ئێمە دەخاتە مەترسییەوە. ئێستا گۆڕەپانی ڕاستی شەڕی ئێمە، گۆڕەپانی ئاوە و قەیرانی ئاو خەریکە دێتە نێو تەونی کۆمەڵایەتیمانەوە".
ئەگەر قسەی ئەو دوو بەرپرسەی ئێران کە یەکیان سەرکۆمار و ئەویتر ڕاوێژکاری باڵای سەرکۆمارە لەگەڵ لێکدانەوەی پرۆفسۆرێکی زانکۆ کە ئابووریناسێکی ڕاوێژکاری حکوومەتی ئێران و ڕاوێژکاری ناوەندی ئاماری ئێرانە لەپاڵ یەک دانێین، هەواڵی ڕۆچوونی زەوی، تێکهەڵچوونی خەڵک لەسەر کەمیی ئاو و چۆڵبوونی دێهاتەکان لەبەر کەمیی ئاو وەک بەڵگەیەک بقەبڵێنین و هاوکات ئەو پێناسەی قەیران کە لە سەرەتاوە کردمان بکەینە بنەما، بەڕوونی دەردەکەوێت کە کەمی ئاوی ئێران کارتێکەری دەروونی و ستراتیژی لەسەر کردە و هەنگاوەکانی حکوومەت و کۆمەڵگای ئێران هەبووە، کەوایە ئێران لە "قەیرانی ئاو" دایە.
پاش سەلماندنی ئەوەی کە کەمی ئاو لە ئێران بووەتە قەیران، دەبێ بەدوای هۆکاری قەیراندا بگەڕێین. کەوایە پرسیاری دووهەم ئەوەیە کە چی وای کردووە قەیرانی ئاو لە ئێران بێتە ئاراوە؟
بەگشتیی دەکرێت، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی ئاو لە ئێران لەو چەند خاڵەی خوارەوە پۆلێنبەندی بکرێت:

**یەکەم: ئاڵوگۆڕیی کەشوهەوا**
هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە خشتەی دۆخی چاوەڕوانکراوی کەشوهەوا پێی دەگوترێ "ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا" کە بە ڕوونی ئێستا بابەتی گەرمبوونی زەوی لەلایەن زۆربەی شارەزایانی زەویناسی و کەشوهەوا ناسی دانی پێدا دەنرێت . بە ڕوونی بارینی لەناکاو، وشکەساڵی، بارینی بەفر لە ناوچە بەیارە گەرمەسێرەکان، هەستانی لەناکاوی لافاو و خۆڵبارین لە نیشانەکانی ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا لە قەڵەم دەدرێن". کە ئەو ئاڵوگۆڕە، جوغرافیای ئێرانی گرتووەتەوە.

**دووهەم: وشکەساڵی**
حەمید چیتچیان وەزیری وزەی (خولی یەکەمی سەرکۆماری حەسەن رووحانی) ئێران، لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژی یەکشەممە ١٤ بانەمەڕی ١٣٩٣ لە پارلەمانی ئێران دەڵێت:
"وێڕای ئەوەی ئێران لە ناوچەیەکی بەیاری دنیادا هەڵکەوتووە، ئێمە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی نێونجی بارین لە ٢٥٠ میلیمتر بۆ ٢٤٢ میلیمتر کەم بووەتەوە و وڵاتەکەمان لەگەڵ کێشەی زۆر قووڵی سەرچاوەگەلی ئاو بەرەوڕووە". چیتچیان لە درێژەدا دەڵێت: "لە دەرەنجامی پەیتاپەیتای وشکەساڵی و ئاڵۆگۆڕی کەشوهەوا کۆی سەرچاوەگەلی ئاوە "تجدیدپەزیرەکانی" وڵات لە ١٣٠ میلیارد میتری سێ گۆشەوە لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا بۆ ١٢٠ میلیاردی سێ گۆشە دابەزیوە" .

**سێهەم : لاوازیی یاسا و بەڕێوەبەرایەتی یاسا**
بۆ ڕوونبوونەوەی ئەو باسە پێویستە شیکارییەک لە خەسارناسی و هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی ئاو لە ئێراندا بکرێ کە دوکتور موحسن ڕەنانی ئابووریناس لەمبارەوە دەڵێت: "نەوت بەرتیلی خەڵکی ئێران بە حکوومەت بووە و خەڵک نەوتیان داوە بەحکوومەت، تاکوو پیتاک و باجیان لێنەستێنێ و لە بەرانبەردا حکوومەتیش ئاوی وەک بەرتیلێک بۆ خەڵک سەیر کردووە و هیچ کات بۆی گرینگ نەبووە کە خەڵک چۆن ئاو بەکار دێنن".
کاتێک کە هێندێ سەرچاوە باس لە ٧٠٠ هەزار چاڵاوی نایاسایی لە ئێراندا دەکەن، زیاتر لە هەموو شتێک بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە یەکێک لە هۆکارەکانی قەیرانی ئاو لە ئێراندا قەیرانی یاسای پەیوەندیدار و بەڕێوەنەچوونی ئەو یاسایەشە کە ئێستا هەیە. وەک ڕەنانی بەباشی باسی کردووە؛ حکوومەت وەک ڕێکخراوی ئەرکدار بۆ بەڕێوەبەریی یاسا لە ئێراندا، هیچ کات بایەخێکی بەوە نەداوە کە خەڵک چۆن ئاو بەکار دەهێنێت و چۆن چاڵئاو لێدەن و چەندە ئاوی خواردنەوە بەکار دەهێنن و چەندە ئاو بۆ پیشە و کشتوکاڵ بەکار دەهێنرێ کەوایە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرەکی قەیرانی ئاو لە ئێران، نەبوونی یاسای تۆکمە بۆ هەڵێنجانی ئاو و چاودێری نەکردن بەسەر چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو یاسایەشە کە هەیە.

**چوارەم: هاووڵاتی نابەرپرس**
بەشێک لە ئاو وەک ئاوی خواردنەوە و ئاو بۆ پێداویستی ژیانی ڕۆژانە لەلایەن هاووڵاتییانەوە بەکار دەهێندرێ، کەوایە زۆر گرنگە کە فەرهەنگی گشتیی بەکارهێنانی ئاو لە نێو ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا هەبێت و ڕێژەی نێونجی لەکارکردنی ئاو لە کۆمەڵگەی ئێران بەپێی جوغرافیای ئێران بەرزە و ئەوە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەیکە هاووڵاتییان چ لە بواری پیشەیی و چ لە بواری کشتوکاڵدا، کە ئاو بەکار دێنن ئەو فەرهەنگەیان بۆ جێنەکەتووە کە ئاو سەرچاوەیەکی نیشتمانییە و لە ئاستێکی دیاریکراودا و بە ڕێژەی پێویست دەبێت بەکار بهێندرێ، بەڵکوو زۆرینەی هاووڵاتییانی ئێران هەرچەندە خۆیان بەپێویستی بزانن ئاو بەکار دێنن و بۆ ئەوە بەمەبەستی خۆشیان بگەن ئامادەن بەرتیل و بەرتیلکارییش بکەن. لە ڕاستییدا ئێمە لە ئێران تەنیا لەگەڵ حکوومەتی نەوتی بەرەوڕوو نین بەڵکوو لەگەڵ هاووڵاتی نەوتیش بەرەوڕووین. هاووڵاتییەک کە ئامادە نییە، هیچ بەرپرسایەتییەک بگرێتە ئەستۆ و لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی تاکەکەسیدا ئامادەیە هەموو ڕێگایەگ بگرێتەبەر بۆ ئەوەی پاشقولی یاسا بدات.
هاووڵاتی نابەرپرس یەک لە هۆکارەکانی سازبوونی قەیران ئاو لە ئێرانە چونکە ئاو سەرچاوەیەکە کە هەموو کۆمەڵگە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری دێنێ بەڵام ئاستی بەرپرسیارێتی لە نێو کۆمەڵگە بەرانبەر بەو بەکارهێنانە زۆر لاوازە. ڕێژەی ٧٠٠ هەزار چاڵاوی نایاسایی باشترین بەڵگەیە بۆ نیشاندانی هاووڵاتی نابەرپرس.

**پێنجەم: ئایدۆلۆژی سیاسی**
کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی ئایدۆلۆژیکە و ئەو ئایدۆلۆژیکبوونە، لە چەند ڕووەوە کارتێکەری لەسەر قەیرانی ئاو هەبووە:
**ئا:** کۆماری ئیسلامی لە زۆر ڕووی پیشەییەوە دەیهەوێت پێشکەوتن بەخۆوە ببینێت، تەنیا بۆ ئەوە مەبەستییەتی کە پرۆپاگەندەی پێوە بکات و ئەو پێشکەوتنەوە وەک دەسکەوتێک بە ئایدۆلۆژی ئیسلامی_شیعەوە گرێ بداتەوە. ئەوەش وای کردووە کە گەشی لە ئێران گەشەیەکی لاسەنگ بێت، لە کاتێدا کە لە ئێران "مردن بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل سێهەمین هۆکاری مەرگە بەڵام ئێران خاوەنی تەکنۆلۆژی ناوکی و تەکنۆلۆژی نانۆیە. بەمانایەکی‌تر وڵاتێک کە ڕێگەوبانی نییە بەڵام هەنگاو بۆ سەرچڵەکانی تێکنۆلۆژی دەنێت؛ ئەو شێوە ڕوانینە وای کردووە کە لە ڕووی گەشەوە ئێران پتر لەوەی گەڵاڵەیەکی ستراتیژیک بێت، گەڵاڵەیەکە کە بۆ پرۆپاگەندە کەڵکی لێوەردەگیرێت.
**ب:** سەرەڕای باسی بەکارهێنانی گەشە وەک پرۆپاگەندە، کۆماری ئیسلامی دەیهەوێت، لە هێندێک ڕووەوە کە توانای جوغرافیایی و ئینسانی بۆی نییە، پێش بکەوێت؛ ئەو ڕوانگەیەش لە نێو خشتەی ستراتێژیکی گەشە دەبێتە هۆی ئەوەی کەمتر بیر لە گەشەی سەقامگیر بکرێتەوە و هاوکات زەخت بخرێتە سەر ژێرخانی ژینگەیی ئێران؛ بەمانایەکی‌تر گەڵاڵەکانی گەشەی ئێران کە سەرچاوە لە ئایدۆلۆژی شیعە_پارس دەگرێت، لە ئاستی توانایی ژینگەیی ئێران بەرزترە.
**پ:** ئایدۆلۆژی سیاسی کۆماری ئیسلامی وای کردووە ئەو ڕێژیمە تیۆرییەکی سیاسی تایبەت بەخۆی هەبێت بەو مانایە کە ئەوان پشتی کەمینەی شیعە لە دنیادا دەگرن، دەکرێت ئەو ئایدۆلۆژییە لە چوارچێوەی "هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی " گردکۆ بکەیەوە؛ لە کردەدا هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی واتە پەیڕەوکردنی سیاسەتی گرژینانەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.
هەنووکە کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی سازکردنی گرووپی ئایینی سەربەخۆ لە هەوڵدایە دەست لە کاروباری نێوخۆی زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی وەردات، ئەوەش وای کردووە کە ئێران لەلایەن وڵاتانی ئیسلامی و هاوپەیمانانیانەوە وەک مەترسییەکی گەورە پێناسە بکرێت و هاوتاک بەردەوام لە مەترسی گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتی و تەنانەت شەڕدا بێت و ئەو سیاسەتەش بووەتە هۆکاری ئەوەی هەندێ پێداویستیی سەرەکی خۆراکی زۆرینەی کۆمەڵگە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە وەک خۆراکی ستراتێژیک پێناسە بکرێت و هەوڵ بدات کە لە نێوخۆ بەرهەمی بێنێت. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئێران لە ڕووی جوغرافیا و کەشوهەواوە توانایی ئەوەی نییە پێویستیی خۆراکی خۆی بەتەواوی دابین بکات، بەڵام پەیڕەوکردنی سیاسەتی گرژینانەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وای کردووە کە ئێران بەردەوام مەترسی ئەوەی لەسەر بێت کە تەناهی خۆراکی بچێتە ژێر مەترسییەوە و ئەوەش بووەتە هۆکارێک کە زەختی زیاتر لە توانا بکرێتەسەر سەرچاوەکانیی سرووشتی و ژینگەیی نێو ئێران و ئەو زەختەش بووەتە هۆی ئەوەی ژینگە و ئاو لە ئێراندا بکەونە نێو قەیرانێکی قووڵەوە.

# ئێرە ڕۆژهەڵاتە بە کاتی کرماشان




جەماڵ ڕەسووڵ دنخە

لە بیرمان نەچێت کە ڕووداوی سرووشتیی بوومەلەرزەی کرماشان ڕووداوێکی دڵتەزێن و کارەساتبارە کە لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار کرا کە تێیدا بە دەیان هاووڵاتیی کورد لە پارێزگای کرماشان سەر بە کوردستانی ڕۆژهەڵات کوژران، بریندار بوون، بێسەروشوێن بوون و دەیان هەزار کەسیش لەژێر دژوارترین دۆخی ژیاندا مانەوە و تا ئێستاش هەر دەست و پەنجە لەگەڵ قەیران و کوێرەوەرییەکانی دوای ئەو ڕووداوە نەرم دەکەن. ئەگەرچی بە فەرمی و بە شایەتی خەڵک و هەواڵنێرانی بیانی و هەندێک لە هەواڵنێرانی خۆجێیی - تەنانەت بەرپرسانی ڕێژیمیش لە لێدوانەکانی خۆیاندا باسیان لەوە کرد - هیچ خزمەتگوزارییەک بۆ خەڵکی لێقەوماو ئەنجام نادرێت و ئیمکاناتی ڕفاهی بۆ خەڵک دابین ناکرێت و خەڵک لە دۆخێکی خراپ و پڕمەترسیدان و هەڕەشەی گیانیان لەسەرە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەردەوام باس لە نەبوونی خزمەتگوزاری و گوێنەدانی بەرپرسانی ڕێژیم لەو بارەیەوە کراوە بەچەشنێک کە نەتەنیا یارمەتی بە خەڵک نادەن بەڵکوو تەنیا بۆ سەیر و سیاحەت دەچنە شوێنی بوومەلەرزەکە؛ ئەو باسەش لە ڕاگەیەندنەکانی ڕێژیم لەوانەش "ایرنا" و "ایسنا" بڵاو بووەتەوە هەروەها هەندێک لە ڕۆژنامەکانی ڕێژیم وەک "ابتکار" بە تیتری گەورە نووسیان "تور زلزله گردی!" .

لە لایەکی دیکەشەوە کاتێک کە خەڵکی کوردستان دیتیان دوای ئەو ڕووداوە بەرپرسانی ڕێژیم نیسبەت بەم ڕووداوە دڵتەزێنە چەندە بێهەڵوێست و بێتەفاوتن لە هەڵمەتێکی مێژووییدا سەلماندیان کە کوردستان ئێستاش مەکۆی خۆڕاگری و سەنگەری خەباتە. ئەم هەنگاوەی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوو لە هاونیشتمانان و هاوزمانانی خۆیان لە پارێزگای کرماشان بەرپرسانی ڕێژیمی وڕ و و و سەرلێشێواو کرد و میدیا و ڕاگەیەندنەکانی جیهان و ناوچە باسیان لە یارمەتییەکانی خەڵک کرد.

لێرەدا چەند خاڵ جێگای سەرنجە کە دەبێ وەک نەتەوەی کورد و بە تایبەت ڕێبەرانی سیاسیی کورد بە تایبەتی، بایەخی پێ بدەن کە چۆن یەکدەنگی و یەکڕیزی خەڵک چەکێکە کە هیچ شتێک توانای خۆڕاگری لەبەرانبەریدا نیە. ئەوەش لەم ڕووداوەی کرماشاندا دەرکەوت کە یەکدەنگی چۆنە و چ دەکات و خەڵکیش ڕوویان لە حیزبەکان کرد کە ئەو یەکدەنگییە دەبێ سەرباشقەیەک بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بێت. ئەگەرچی باس لەوە دەکرێت یەکدەنگی و یەکڕیزی دەتوانێت هەموو کێشەکان بە ئاسانی چارەسەر بکات و هیچ کەس و لایەنێکی سیاسی لە کوردستان و تەنانەت بەرپرسانی وڵاتانی بیانیش لەبارەی کورد نکۆڵی لەم پرسە ناکەن؛ بەڵام دەبینین کورد یەک دەست نیە و هەر کەس بۆ لای خۆی و بەرژەوەندی خۆی ڕادەکێشێت. بۆیە باسکردنی ئەم چەند خاڵە بە ڕای نووسەر گرینگ بوو.

**یەکەم؛** نابێ نەتەوەی کورد هێندە خۆ سەرکۆنە و خەتابار بکات ئەرێ بۆ چی کورد و ڕێبەرانی کورد هەر باسی یەکگرتوویی و یەکدەنگی دەکەن بەڵام هەوڵی بۆ نادەن؟! وڵامی ئاسانە دەڵێن کەس لە ڕاستی نیە و بۆ لای خۆیانی ڕادەکێشن. بەڵام ئایا ئەوە ڕاستە؟ بێ گومان نا. چونکە سیاسەت بەشێکی دەبێ بێ ئەملاوئەملا لە خزمەتی حیزب یا لایەنی سیاسی تایبەت بە خۆت دابێت؛ ئەویش بۆ "حفظ موجودیت سیاسی" حیزب یا لایەنەکەیە و بەشی زۆرتری لە خزمەتی خەڵک دایە. بەڵام کاتێک سیاسەت بۆ بە خزمەت بە "تەیف و گیرفان" ئیتر ئەو سیاسەتە دەچێتە بازنەی خۆشبژێوی لە سەر نانی خەڵک. ئەگەر کورد یەکڕیز نیە هۆکاری زۆرە ویەک لەوانە پرسێکی کەلتوورییە. کورد فەرهەنگێکی زۆر بەهێز و قوڵی هەیە بەڵام بە سوودی سیاسی کەڵکی لێوەر نەگیراوە. کارەساتی نەبوونی یەکڕیزی کورد لێرە دایە. بۆیە لە یەکەم قۆناغدا ئەگەر کرماشان نموونەی یەکدەنگی و یەکڕیزی بوو ئەوە تەنیا دەستپێکێک بۆ یەکگرتوویی دیکە لە داهاتوودا بوو کە دەبێ حیزبەکان بتوانن بە شێوەی سازماندراوتر کاری بۆ بکەن و بەرنامەی بۆ دابڕێژن تا بتوانن لە مەیدانی خەباتدا باشتر کار بکەن.

**دووهەم:** کاتێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات خەباتی خەڵک چ لاواز یا بەهێز بۆ ئازادی بەردەوامە، هاوکاری، پێکەوە ژیان، هاوبەشی لە شایی و شینی یەکتردا و تا دوایی... . کە خەڵک پێکەوەن ئەمە ئەو پەڕی یەکڕیزییە. (نموونە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، بوومەلەرزەی کوردستان و چەند ڕووداوی دیکە). ئەو یەکڕیزییە "ضمنی و عملی"یە ئەگەرچی هەمیشە لە مەیدان دا نیە بەڵام لە کاتی خۆیدا ئێمە و جیهان بینیمان کورد یەکڕیزە تەنیا ڕێکخستنی سازماندراوی دەوێت. کاتێک خەڵک بە بانگەوازی حیزبەکان دێنە سەر شەقام دەر دەکەوێت کە ئاستی یەکدەنگی خەڵک چونە و نا گوتن بە ڕێژیم چۆنە. بۆیە دەبێ زۆر وشیار بین کە ئەو هەنگاوانەی خەڵک بۆ یەک لایەنی سیاسی تایبەت نەگوازینەوە و بە ناوی لایەنێک تاپۆی نەکەین. تەنیا بە ناوی کورد و خەڵک تۆمار بکرێت ئەوە خۆی یەکەم دەرخەری یەکڕیزییە و دووهەم ڕێگا خۆشکەرە بۆ بەرەیەکی یەکگرتووی سیاسی و نیزامی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

**سێهەم:** "گسست فرهنگی و اجتماعی" لە ڕێژیمی ئێران و هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران. ئەوەش دان پێ دانانە بە چەند نەتەوەبوونی جوغرافیای ئێران و شکستی ڕێژیمی ئێران کە دەیهەوێ نەتەوەی فارس بە گرتنەبەری هەر بیرۆکەیەک بە سەر باقی نەتەوەکانی دیکە زاڵ بکات. لەو ڕووداوی بوومەلەرزەی کرماشاندا دیتمان و جیهانیش بینی نەتەوەی باڵادەستی فارس چ هەڵوێستێکی نواند. ئەوەش لە بواری کۆمەڵناسییەوە باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگای ئێران لەژێر کاریگەری سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە بەرەو چ ئاقارێک ڕۆیشتووە و خەڵکی ئەو وڵاتە فرەنەتەوەییە چەندە نیسبەت بە یەکتری بێ تەفاوتن. ئەوەیکە لە وڵاتێک چەند نەتەوە ژیان دەکەن خۆی پرسێکە، بەڵام لە بواری مرۆیی و هەستی مرۆڤدۆستیدا هیچ پاساوێک هەڵناگرێت "همنوع"ی خۆت بە ڕووداوێک بمرن و تۆش بێدەنگی هەڵبژێری.. "شکافی اجتماعی" لە ئێراندا لە ئاستێک دایە کە ئیدی پێویست ناکات بە شێوەی ئامار و لێکۆڵینەوەکان باسی لێ بکەین؛ بەڵکوو ئەمڕۆ بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت کارەسات لە چ ئاستێک دایە. ئەوەش خۆی بە سوودی ڕێژیمە چونکە ڕێژیمی ئێران یەکگرتوویی هیچ کام لە نەتەوەکانی ئێرانی بۆ قەبووڵ ناکرێت و تەنانەت لە هەندێک شەڕ و ئاژاوە لە نێوان نەتەوەکاندا دروست دەکات.

**چوارەم:** سیاسەتی خۆشگوزەرانی و خۆشگوزەرانیی سیاسیی بەرپرسانی ڕێژیم لە ئێراندا. ئەگەر سیاسەت لەگەڵ خۆیدا دوو جۆر ژیان بەرهەم دێنێت دەبێ بڵێین چیە؟ یەکەم شکست دەهێنی و ماڵوێرانیە و ئەوی دیکەش سەرکەوتنە کە خۆشگوزەرانیە. ئەم دوو جۆر ژیانە لە نێو بەرپرسانی ئێراندا هەیە، واتا ماڵوێرانی بۆ خەڵک بە هۆی شکستی سیاسی و دووهەم بەتاڵانبردنی وڵات بۆ گیرفانی خۆیان و خۆشگوزەرانی. سیاسەتی خۆشگوزەرانی و خۆشگوزەرانیی سیاسیی بەرپرسانی ڕێژیم بە هۆی ئەوەیکە بە شێوەیەکی سیستماتیک کاری بۆ دەکەن بووەتە بە فەرهەنگی کۆمەڵگا و زۆربەی تاکی کۆمەڵگا خۆی لە بەرانبەر هیچ پرسێکدا بەرپرسیار نازانێت. ئەو مەسەلەیەش لە نێو پارێزگاکانی ناوەندی ئێراندا زیاتر باوە چونکە سیاسەتی "تمرکزگرایی اقتصادی" وای کردووە کە نەتەوەی باڵادەست ژیانی باشی هەبێت و نیسبەت بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران بێ تەفاوت بێت. ئەمە وای کردووە کە خەڵک شوناسی خۆی و ئامانجی ژیانی لەبیر بکات و نەتوانێت جوانییەکانی ژیان بناسێت. بەڵام دەبینین تاکی کورد دەوڵەمەند و هەژار لە وێرانەیەکی سیاسیدا بێ گوێدان بە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران هەموو سنوورەکانی ئەو ڕێژیمە دەبڕن و بە هانای هاونیشتمانانی خۆیانەوە دەچن کە یەکدەنگییەکە ڕێژیمی تۆقاند و دیسان زانیان کە لە بەرانبەر کورد شکستیان خواردووە.

لەو چوار خاڵەی کە باس کرا دەبینین کە نەتەوەی کورد لە جوغرافیای خۆیدا خاوەن شێوازی سیاسی و ژیانی تایبەت بە خۆیەتی و ئەگەرچی خۆی لە ڕووی مودیریەتی "عینی" کاروباری خۆی بەڕێوە نابات بەڵام لە ماوەی چەند ڕووداوی ڕابردوو و ڕژانە سەر شەقامی خەڵک دژی ئەو ڕێژیمە دەرکەوت کە لە ڕووی "ضمنی" خۆی بەڕێوەبەری خۆیەتی و هیچ بەهایەک و بۆ کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە دانانێن و تەنیا سەرکوت و خەفەقانە کە خەڵکی کۆنتڕۆڵ کردووە. کوردستانی ڕۆژهەڵات بەو ئاستە لە "شعور سیاسی" گەیشتووە کە چاک و خراپ سیاسی لێک جیا کاتەوە و بتوانێت خۆی جڵەوی سیاسی خۆی بگرێتە دەست. ئەوەی لە بوومەلەرزەی کرماشان ڕووی دا و خەڵکی کوردستان بە هانای یەکترەوە چوون "نا" گوتنێکی پڕ مانایە بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و "رد"ی هەموو سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمەیە لەبارەی کوردستاندا کە شکستی خواردووە. ئێستا کوردستانی ڕۆژهەڵات بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕ دەبێت لایەک دەستپێکی خەباتێکی نوێیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەری دەکات و لەو ماوەیەدا پڕبەهاترین و بە نرخترین بەهای داوە کە خۆی هومێدێکی قایم و پتەوی بە خەڵکی کوردستان داوە لە مەیدانی خەباتدا بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێ ئامادە بن. لە لایەکی دیکەشەوە ڕێژیمێکی ملهوڕ وەک کۆماری ئیسلامی هەموو ڕێگایەک دەگرێتە بەر بۆ ئەوەیکە دژایەتی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لەو بەشە لە کوردستان بکات؛ بۆیە پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات زۆر بە ئاگاهیەوە کار بکەن و بە شێوەیەکی سازماندەهی تر خەڵک ڕێک بخەن. ئەوەی لەو ماوەیەدا لە کرماشان ڕووی دا و خەڵک چ کارێکیان کرد لوتکەی بەرخۆدانە دژی ئەو ڕێژیمە کە کورد لە سنوورەکانی خۆیدا پارێزەری خۆیەتی و دەستێوەردان و داگیرکردنی خاکی کوردستان لە لایەن دوژمنەوە هیچ ئاکامێکی نیە و وەک کوردەواری دەڵێت: "تەونی جاڵجاڵۆکەیە بەرگەی هیچ شتێک ناگرێت". کرماشانێک کە ڕێژیم بە هەموو هێزی خۆیەوە لە هەوڵی چەوساندنەوەی دایە، بوو بە درکێک لە چاوی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە و خەون و ئاواتەکانیان بوونە بە خۆڵەمێش. کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەو پێناسەیەی کە بەرپرسانی ڕێژیم بۆی دەکەن و بە ئامار و پڕۆپاگەندای چەواشەکارانە ناتوانن "ماهیت و هویت"ی کورد بسڕنەوە. چونکە مێژوو لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە ڕووداوەکانی ئێستا لە کوردستان "خط بطلان"ینان بە سەر پڕۆژەی یەک "ملیت و یەک خاکی" بەرپرسانی ڕێژیم کە باسی لێوە دەکەن هێناوە و ئەوەش شتێکی حاشا هەڵنەگرە. "رابرت السن" یەکێک لەو کەسانەی کە لە سەر "کێشەی کورد و مەسەلەی کورد" لێکۆڵینەوەی کردووە باس لەوە دەکات شۆڕشەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە مێژوودا ترسی خستە ناو دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیە بۆیە بۆ بەرەنگاری لە بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لە ماوەی کەمتر لە ٥ساڵدا چەندین پەیماننامەیان واژۆ کرد و ئێستاش بە قوەتی خۆی ماوەتەوە. ئێستاش بیری نەتەوەیی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەردە دەستێنێت و ترسی خستووەتە ناو بەرپرسانی داگیرکەری کوردستان و لە دوایین حاڵەتیشدا کرماشان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات مۆری تەئیدی لە سەر بیری نەتەوەیی کورد دا و ڕوو لە ڕێژیمی داگیرکەری ئێران سەلماندی کە ئێرە " ڕۆژهەڵاتە بە کاتی کرماشان".

# قاسملوو، پرسی ژن و ڕاسان

د. ئیدریس ئەحمەدی



لە ئاخاوتنێکدا لە ٨ی مارسی ١٩٨٩ی زایینیدا، دوکتور قاسملوو پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە "خەبات بۆ ئەوەی ژن مافی خۆی وەربگرێ، بە هیچ شێوەیەک جودا نییە لە خەباتی میلەتەکەمان بۆ دێموکراسی و خودموختاری." ئەو ئاخاوتنەی دوکتور قاسملوو و هەروەها " کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم"، کە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٩٨٤ پەسەند کرا بەڵام ساڵێک پێشتر ئامادە کرابوو، لە سەردەمی شەڕی سارد و هێژمۆنی فکری مارکسیزمدا پێشکەش کراون.

دوکتور قاسملوو پێش سەرهەڵدانی ڕەوتی فکری پاشمارکسیستی (post-marxist)، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن "ئێرنێستۆ لاکلاو" و "شانتال موف"ەوە لە بەرهەمێکدا لە ژێر ناوی "هێژمۆنی و ستراتیژی سۆسیالیستی" بە شێوەیەکی تۆ کمە دەرکەوت، ڕ ە خنە ی هاوشێوەی پۆستمارکسیستەکانی لە مارکسیزم گرت. لە "کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزم"، دوکتور قاسملوو دەنووسێ یەکێک لە هەڵە سەرەکییەکانی مارکسیزم بریتییە لەوەی کە تەنیا خەباتی چینایەتی بە ڕەوا دەزانێ، لە کاتێکدا خەباتی نەتەوایەتی، خەبات لە پێناو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانیدا، هەموویان ڕەوان. هەڵبەت دوکتور قاسملوو خەبات لە پێناو ئازادی و دێموکراسیش بە دابڕاو لە یەکتر نابینێ و دەنووسێ کە ئەو جۆرە خەباتانە، دەبێ پێکەوە ببردرێنە پێش.

پێش پۆست مارکسیستەکان، هێندێک فێمێنیست، بەتایبەت ئەوانەی کە بە فێمێنیستی سۆسیالیست ناسراون، بەهەمان شێوە ڕەخنەیان هەم لە مارکسیزم و هەمیش لە لیبرالیزم گرتووە. لەلایەکی دیکەوە، بیرمەندی فێمێنیستە ڕەشپێستەکان ڕەخنەیان لە فکری فێمێنیستی ژنە سپیپێستەکان گرتووە و جەختیان کردووەتەوە کە ڕەشپێست بوون و ژن بوون لە کەیسی ژنە ڕەشپێستەکاندا ناکرێ بە دابڕاو لە یەکتر ببیندرێ، بەڵکوو مرۆڤ لە ڕێگای جیاوازەوە دەچەوسێندرێتەوە و ئەو ڕێگاگەلە لە شوێنێک لە ژیانی مرۆڤدا لە خاڵی وەبەریەککەوتندا بەرجەستە دەبنەوە.

لە ساڵی ١٩٨٩دا بیرمەندی فێمێنیستی ڕەشپێست "کیمبێرلی کرنشا" چەمکی intersectionality بۆ ئەو مەبەستە هێنایە نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە. لە کوردیدا، دەشێ دەستەواژەی "وەبەریەککەوتن" بەرانبەر بە intersectionality بەکاربەبردرێ. بۆ نموونە، ژنێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ژێردەستی ئێران کە سەر بە چینی خوارەوەی کۆمەڵگا بێ، بەهۆی ژن بوون و کوردبوونییەوە وێڕای پێگە کۆمەڵایەتییەکەی، بە چەندین جۆر دەچەوسێندرێتەوە و ئەو ڕێگا جۆراوجۆرانەی چەوساندنەوە لە ژیانیدا خاڵێکی وەبەریەککەوتن پێک دێنن.

دوکتور قاسملوو پێش لە پاشمارکسیستەکانی ڕۆژئاوا، واتە لە "کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزم"، باسی گرنگی لەبەرچاوگرتنی وەبەریەککەوتن لە ئاست چەوساندنەوە و هەروەها پێویست بوونی تێکەڵکردنی خەباتی جۆراوجۆر دژ بە چەوساندنەوە دەکرد؛ سیاسەتی یحزبی دێموکراتیش لەسەر ئەو فەلسەفەیە دانراوە.

ئەگەر ڕاسان لە ئاستی گشتیدا و لە پێناو ڕزگاری نەتەوەییدا خەباتی شاخ و شار لێکگرێ دەدا، بە پشتبەستن بە هزری قاسملوو، دەتوانین هەروەها کار بۆ لێکگرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و خەباتی ژنی کورد لە پێناو مافەکانیدا بکەین، یان با بڵێین لێکگرێدانی کوردایەتی و فێمێنیزم. لە پێناو هەوڵێکی وادا، سەرەتا پێویست بە دانپێدانان دەکا بە ڕاستی وەبەریەککەوتن لە چەوساندنەوەی ژنی کورد؛ بە واتایەکەی دیکە، وێڕای چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، کە خاڵی هاوبەشی ژن و پیاوی کوردە، ژنی کورد بەهۆی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، دەچەوسێتەوە.

وێڕای لێکگرێدانی خەبات، ڕاسان شارتەوەرە، چوونکە بەپێچەوانەی خەباتی دەیەکانی ڕابردوو، پەرەسەندنی پرۆسەی شارنشینی و بەگشتی مۆدێرنیزاسیۆن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنی کورد ئەمڕۆ بەشی گرنگی سەرمایەی مرۆڤی کۆمەڵگەی کوردی پێک دێنێت.

دەگوترێ ژنان ٦٠ لە سەدی خوێندکارانی زانکۆکان لە ئێران پێکدێنن. ئەگەر وابێ، دەبێ ژمارەیەکی بەرچاوی ژنی کوردیش خوێندکاری زانکۆ بن؛ کەوابوو، ڕاسان دەبێ کەڵک لەو سەرمایە مرۆڤییە وەرگرێ.

هەڵبەت بۆ ئەوەی ڕاسان لەو بوارەدا سەرکەوتوو بێ، دەبێ حیزبی دێموکرات گرنگییەکی زیاتر بە بەشداری ژنان چ لە ڕیزەکانی پێشمەرگە و چ بەربەرەکانێی مەدەنیدا بدات. لەو پەیوەندییەشدا، گرنگە لە کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتدا ڕادەی ژنان لە ڕێبەرایەتی و پۆستی بڕیاردانـدا حزووریان هەبێ.

بە بێ لێکگرێدانی خەباتی نەتەوایەتی و فێمێنیزم، ڕاسان ناتوانێ بە ڕادەی پێویست ژنان تەیار بکات. بۆ مسۆگەربوونی ئەو لێکگرێدانە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ قاسملوو و دان بە وەبەریەککەوتن لە ئاست چەوساندنەوەدا بنێین. ئەوەش بە نۆرەی خۆی پێویست دەکا کە دان بە هەبوونی پیاوسالاری لە سیاسەتی کوردیدا بنێین و کاری جیددی و کردەیی بۆ بکرێ بەمەبەستی نەمانی ئەو لەمپەڕانەی کە بوونیان هەیە لەبەردەم بەشداربوونی ژنان لە خەباتدا.

ڕاستییەکی حاشەهەڵنەگر و سانایە کە ئەگەر ژنان لە ڕێبەرایەتی و شوێنی بڕیاردانـدا حزووریان نەبێ، نە ژنان خۆیان لەو خەباتەدا دەبیننەوە و نە بە ڕادەی پێویست بەشداری تێدا دەکەن.

# یاسا هەڵاواردەکان ساڵانە میلیاردها دۆلار زیان بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگەیەنن

ن: جەمیلە بیگیۆ

و: مەجید حەقی

سەرچاوە: ڕۆژنامەی دێ هیل

لە کاتێکدا کە بنەماڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی داهاتی خۆیان خەریکی کار و تێکۆشانی بێ وچانن و نەتەوەکان بە سەختی کار دەکەن بۆ گەشەپێدانی ئابووری، لەوانەیە زۆر ئاسان بێت بۆ ئەوەیکە هەست بە نهێنی گەشەی ئابووری بکرێت؛ عەرەبستانی سعوودی هەستی بەوە کردووە کاتێک بڕیاریدا خۆی لە "گیرۆدەیی نەوت" ڕزگار بکات.

ئەو ناتوانێ جووڵە بە ئابووری خۆی بکات بە بێ هێزی کاری گەورەتر و ناتوانێت بە بێ بەشداری کردنی ژنان ئامانجی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی هێزی کار مسۆگەر بکات. لەو ڕووەوە ئاڵوگۆڕە قووڵە سیاسی و ئابوورییەکان و پرۆژە چەندین ملیارد دۆلاریەکانی عەرەبستانی سعوودی و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی گەندەڵی، هەنگاوە کردەییەکانی عەرەبەستانی سعوودیان بۆ نوێ کردنەوەی ئابووری ئەو وڵاتە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ بەشداری ژنانی ئەو وڵاتە؛ وا وێدەچێت ئەمە دوایین هەنگاوی پێشڤەرۆڤانەی پادشایی عەرەبستان نەبێت.

چونکە تا کاتێک ژنانی عەرەبستان بتوانن بە بێ مۆڵەتی پیاوی بنەماڵە — باوک، هاوسەر، جاری وایە تەنانەت کوڕەکەی خۆی — کار بکەن، بڕۆنە سەفەر، کاروباری یاسایی ئەنجام بدەن و بەشێوەیەکی دیکە بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتی بکەن، وڵات ناتوانێ هەست بە هێزی ئابووری نیوەی دیکەی کۆمەڵگا بکات.

ئەمە تەنیا لووتکەی

کێو ی

سە هۆ لی

ناوچەیە؛ بە پێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەکردنی ئابووری (OECD)، بەربەستەکانی بەردەم بەشداری ژنان لە ژیانی ئابووریدا ساڵانە چەندین میلیۆن دۆلار زیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەدەن. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بە نرخی کاری تەنیا ٢١٪ی ژنان لە بەرامبەر ٧٥٪ نرخی کار لە نێو پیاواندا خاوەنی کەمترین ڕادەی بەشداری ژنانە لە هێزی کاردا.

لەکاتێکدا ئاستی خوێندنی ژنان بەرزترە و شارەزایی و پسپۆڕییان چاکتر لە هەموو کاتێکی لەمەوبەرە، ژمارەیەکی زۆر کەم لە کەرتی تایبەت کار دەکەن، ژمارەیەکی زۆر کەم خاوەنی پلەی بەرز لە نێو دەزگاکاندان و ژنانی خاوەن کۆمپانیاش زۆرتر بەشێوەی فۆرماڵ لە ماڵەوە کاردەکەن و دەرفەتی زۆر بەرتەسکیان هەیە بۆ گەشەکردن.

بە گشتی ئەمە بە واتای کەم بوونی

بە سو و د بو و نە ؛

ژنان سەرەڕای ئەوەیکە نیوەی حەشیمەتی هێزی کار لە ناوچەدا پێک دێنن، تەنیا ١٨٪ لە بەرهەمی نێوخۆیی بەرهەم دێنن. دەزگای جیهانی مێکزیکێنزی مەزندە دەکات کە بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری ژنان لە ناوچەدا بەبەراورد لەگەڵ ئاستی بەشداری پیاوان دەتوانێت ڕێژەی گەشەی ئابووری ئەو ناوچەیە دووهێندە زیاد بکات و بەوە ٢.٧ تریلیۆن دۆلار تا ساڵی ٢٠٢٥ بە بەرهەمی نێوخۆیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا یارمەتی بکات.

بۆچی ئەو جیاوازییە؟ لە ڕاپۆرتێکی ئەم دواییانەی ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەکردنی ئابووری، ئەم ناوەندە چەندین یاسای هەڵاواردن دژی هێزی کاری ژنان لە وڵاتانی ئەلجەزیرە، میسر، ئۆردۆن، لیبیا، مەراکێش و تونیزیا کە دەبنە لەمپەڕ لە بەردەم بەشداری ژنان لە ژیانی ئابووری ئەو وڵاتانەدا ئاشکرا دەکات؛ بۆ

نموونە لە وڵاتانی میسر، ئۆردۆن و لیبی ژنان بۆ ئەوەی کار بکەن پێویستیان بە مۆڵەتی هاوسەر یان باوکیان هەیە بۆ کارکردن؛ لەو وڵاتانەدا سەفەری ژنان بە بێ مۆڵەتی هاوسەر بەواتای جیابوونەوە و تەڵاق دەژمێردرێت.

لە سەرانسەری ناوچەدا یاسا نابەرامبەرەکان بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە داراییەکانی کۆمەڵگە سەپێندراون: خاوەندارێتی بنەماڵە بە گشتی بە ناوی مێردە و ژنان تەنیا کاتێک دەتوانن دەستیان پێڕابگات کە بێوە بمێننەوە یان تەڵاق بدرێن؛ لە تونیس ژن نیوەی میراتی پیاوی پێدەگات؛ لە ئۆردۆن بەپێی یاسای ساڵی ٢٠١٠ دوای ئەوەیکە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان زەختیان لە سەرکرا بۆ وازهێنان لە بەشی میراتی خۆیان، یاساکانی گواستنەوەی میرات بۆ ژنان توندو سەختتر کراوە؛ بە هۆی ئەوەی کە ژنان خاوەنی دارایی تاکەکەسی کەمترن، خاوەنکارانی ژن بۆیان ئەستەمترە تا بتوانن قەرز لە ڕێگای وەسیقەوە وەرگرن.



یا سا کا نی کاری ساعەت و سێکتۆری کاری ژنان بەرتەسک دەکەن ئەمەش دەرگای بەکارگرتنی ژنان بەرتەسکتر دەکاتەوە. ژنانی لیبی بۆیان نییە کارێک بکەن کە "لە گەڵ سروشتی ژنان بێگانەن". وەزارەتی کاری ئۆردۆن ئەو کارانەی کە ژنان ناتوانن ئەنجامی بدەن دیاری دەکات. هەروەها لەوێ چاوەدێری هەیە: ژنان دەکەونە بەر ئازاری جینسی کاتێک لە سەفەردان یان لەسەر کارن، بەڵام دادوەر و پۆلیس زۆر بە دەگمەن کەسانێک کە ئازاری جینسی ژنان دەدەن و توندوتیژی بەرامبەریان دەنوێنن، سزا دەدەن.

لێکۆڵینەوەکانی وڵاتانی دیکە نیشان دەدەن کە ڕیفۆرمی یاسایی دەتوانێت ڕاستەوخۆ شوێندانەر بێت لە سەر گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی؛ لە ماوەی پێنج ساڵ دوای ئەوەی لە وڵاتی ئێتیۆپیا بەربەستی کاری ژنان بە مۆڵەتی پیاوان هەڵگیرا ڕادەی کرێکارانی ژن لە کۆمەڵگادا بەرز بوویەوە و ژمارەی ئەو ژنانەی خاوەنی پۆستی بەرزن ڕوو لە زیادبووندایە. دوای ئەوەی کە وڵاتی هێندوستان یاسای یەکسانی بۆ ژن و پیاو لە خاوەندارێتی لە داراییەکانی بنەماڵەدا پەسەند کرد بنەماڵەکان دوو هێندەی ئەوەی جاران بۆ پەروەردەی کچانیان خەرج دەکەن و ژمارەی ژنانی خاوەن ژمارە حیسابی بانکی زیاد بووە.

پێوەندی نێوان ئاستی ئازادی ژنان لە نێو ماڵ و بەشداری لە کاروباری کۆمەڵایەتی بەشێوەی هێڵی ڕاستەیە؛ تا کاتێک ژنان نەبنە خاوەنی ئازادی کار، سەفەر و خاوەندارێتی ڕیفۆرمی یاسا ئابوورییەکان یان چارەسەرییەکانی دیکەی سنووورداری ئابووری ناتوانن مەودای نێوان هێزی کاری زایەندی (جێندەری) کەم بکەنەوە. وڵاتانی خاوەن یاساکانی هەڵاواردنی جێندەری تا کاتێک یاساکانی بەربەستکردنی بەشداری یەکسانی نیوەی دیکەی کۆمەڵگا هەڵنەگرن بە زیانی گەیاندن بە چەندین ملیارد لە گەشەی ئابووری خۆیان درێژە دەدەن.

## زەمەن

# تێدەپەڕێ و لێقەوماوانی کرماشان هێشتا بێماڵ و حاڵن



**شەماڵ تەرغیبی**

زۆرتر لە سێ هەفتە بەسەر کارەساتە دڵتەزێنەکەی پارێزگای کرماشان تێپەڕی، بەڵام هێشتا سەرەتای چیرۆکە دڵهەژێنەکەیە.

دوایین ڕاپۆرتە پێوەندیدارکان بە بارودۆخی ژیان پاش بوومەلەرزەی ٢١ی خەزەڵوەر لە پارێزگای کرماشان کە زۆرتر لە ١٠هزار کوژرا و بریندا لێکەوتەوە، دەری دەخات کە سەرباری تێپەڕینی زۆرتر لە سێ هەفتە بەسەر ئەم تراژێدیا، هێشتا هیچ هەنگاوێکی شوێندانەر بۆ سارێژکردنەوەی برینی زامداران هەڵنەگیراوە.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان، هەنووکە زۆربەی هەرە زۆری کۆڵان و شەقامەکانی شاری سەرپێڵی زەهاو بە خاپووری ماوەتەوە و پارک و بلوارەکان پراوپڕن لە خێوەتی خەڵکێک کە لە بێسەرپەناییدا تێیدا دەژین.

وەک بوومەلەرزەلێدراوان دەڵێن هەر کات کە هەڵاتنی خۆر دەبینین تۆزێک گەشبین دەبینەوە، چوونکە دەزانین کە لانیکەم ڕۆژێکی تریش لە سەرما ڕزگارمان بووە، بەڵام کاتێک کە ڕۆژئاوابوون دەبینین ترس و دڵەڕاوکێی ڕەقهەڵاتن لە سەرما دامان دەگرێتەوە بۆیە تا درەنگانی شەو ناخەوین.

یەکێک لە لێقەوماوان لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا بڵاوی کردۆتەوە کە ڕێژیم وامی وادەی ٢٥ی میلیۆنی پێداوین، بەڵام چ عەقڵێک ئەوە قبووڵ دەکات لە کاتێکدا سازکردنی کابینێتی ئاشپەزخانە ٥٠ میلیۆن تمەن تێچووی هەیە ئێمە بە ٢٥ میلیۆن خانووە وێرانبووەکانمان نۆژەن بکەینەوە؟

لەم نێوانەدا درۆ و دەلەسە بەردەوامەکانی بەرپرسانی ڕێژیم هێندەی دیکە داخی سەر دڵی قوربانیانی بوومەلەرزەکە قورستر دەکات؛ سەرۆکی دامەزراوەی "مەسکەن"ی ڕێژیم، عەلیڕەزا تابش لە کاتی چاوپێکەوتن لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکاندا وتوویەتی: ٨٠٠٠ کانێکسمان وەک سەرپەنا ڕادەستی خەڵکی لێقەوماو کردووە بەڵام چەند کاتژمێر دواتر ئەم هەواڵە لەلایەن نووسینگەی دەوڵەتەوە وەدرۆ خرا!

ئاورنەدانەوە لە دۆخی شپرێوی خەڵکی پارێزگای کرماشان لەلایەن بەرپرسانی حکوومەتی و بەردەوامی دۆخی شێواوی ژیان وای کردووە کە بەشێک لە خەڵکی ئەم ناوچانە دەڵێن بەم بارودۆخەوە وەبیر دەورانی شەڕی ٨ ساڵە و وێرانییەکانی ئەو کات دەکەوینەوە.

ئەمانە تەنیا بەشێکن لەو تراژێدیایەی کە بەرۆکی خەڵکی گرتۆتەوە؛ لە حاڵێکدا کە خەڵک لە سەرپێڵی زەهاو و دالاهۆ و ناوچە لێقەوماوەکانی دیکەی کرماشان چاوەڕێی هاوکارییە مرۆییەکانی خوشک و براکانیانن، بەناو بەرپرسانی ڕێژیم خۆیان بە کاری دیکەوە سەرقاڵ کردووە؛ بۆوێنە پاسدار مۆحسێن ڕەفیقدوست بە هەواڵدەریی تەسنیمی وتووە: ئێمە لە وڵاتەکانی سوریە و عێراقدا ئەوپەڕی هاوکارییەکانمان خستۆتە گەڕ تاکوو وڵاتیان بۆ نۆژەن بکەینەوە.

ئەوەیکە پڕئاشکرایە هۆی سەرەکی بەردەوامی و مانەوەی خەڵک و هیواداربوونیان بە داهاتوو نەک یارمەتییە حکوومەتییەکان بەڵکوو هاوکارییە مرۆڤدۆستانە و نیشتمانییەکانی هاوزمان و هاوڕەگەزەکانیان لە شارەکانی دیکەی کوردستانە.

وەک خەڵکیش بێ هیچ ترسێک دەیڵێن و نایشارنەوە، ئەگەر لە ڕابردووشدا شک و گومانێک لەهەمبەر ناخەڵکی بوونی ڕێژیم هەبوو، ئەوا ئەم ڕووداوە دەریخست کە بەڕاستی کەلێنێکی گەورە لە نێوان ڕێژیم و خەڵکدا بوونی هەیە؛ کەلێنێک لە چەشنی هەڵاوردن و دووچاوگی کە تەنیا هۆکار و سەرەکیترین هۆکاریشی هەمان کوردبوونی ئەم گەلەیە.

لە کۆتاییدا تەنیا گۆشەیەکی دیکە لەو تراژێدیا وەبیر دێنینەوە کە لەحاڵێکدا خەڵکی لێقەوماو هێشتا برینی ناسۆری لەدەستدانی ئازیزانیان بە ڕۆح و گیان دەکێشن، کەسێکی وەک ئیسحاق جەهانگیری لە چوارچێوەی سەفەرە پڕ لە شوورەییەکانی هەیئەتە حکومەتییەکان بە پێڵاوەوە دەچێتە نێو خێوەتی لێقەوماوان کە ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوپەڕی بێڕێزییە بەم گەلە چەوساوە و کارەساتدیتووە.

# کارەساتی بومەلەرزە لە کرماشان و بێخەمیی ڕێژیم

**پژمان شەریعەتی**

بەپێی ئامارە نێوخۆییەکان، کوژراو و بریندارەکانی بومەلەرزەی کرماشان، زیاتر لە ١٠ هزار کەسە؛ لە بومەلەرزەی شەوی یەکشەمە کە ناوەندەکەی شاری ئزگڵەی سەر بە پارێزگای کرماشان بوو، ١٢٠٠٠ ماڵ، ١٠٠ لە سەد لە نێوچوون و ١٥ هەزار ماڵیش خەساری زۆریان بەرکەوتووە؛ هەروەها زیاتر لە ٦٠٠ کەس گیانیان لە دەس داوە و ١٠هزار کەس بریندارن.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەشێکی کەم لە ماڵە ڕووخاوەکان پشکێندراون و ئاماری بێ سەروشوێنەکان هێشتا دیار نییە و مەزەندە دەکرێ کە ئاماری کوژراو و بریندارەکان زۆرتر بێت.

لە یەکەم ساتەکانی ڕوودانی ئەم کارەساتەوە، خەڵکی پارێزگای کرماشان پەنایان بردووە بۆ دەرەوەی شارەکان و هەتا ئێستە لە شەقام و کۆڵانەکاندا ئاوارەن و مالیان بەجێهێشتووە.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە لەو شارانەی کە بوومەلەرزەکە کاریگەری زۆری هەبووە وەکوو: سەرپێڵی زەهاو، قەسرشیرین و دالاهوو، خەڵکی ئاوارە لە بارودۆخێکی نالەباردان و هەموو ژیانیان لە نێوچووە و تەنانەت خێوەت و پەتوویان نییە بۆ خۆ گەرمکردنەوە.

لە یەکەم ساتەکانی کارەساتی بومەلەرزە، دام و دەزگاکانی ڕێژیم باسیان لە فریاکەوتنی خەڵک و دابین کردنی پێداویستی بۆ ڕزگارکردنی ئەو خەڵکەی کە لە ژێری ئاواردا ماون، دەکرد و دەستیان کرد بە پروپاگاندەکردن بۆ ڕێکخراوە نیزامییەکانی وەک سپای پاسداران؛ بەڵام ڕوونە کە تا ئێستەش دام و دەزگاکانی ڕێژیم لەوپەڕی کەمتەرخەمییەوە بە هانای خەڵک دەچن و خەڵکی شارەکانی پارێزگای کرماشان بە بێ پێداوێستی سەرەتایی لە سەرما و ئاوارەییدا ڕەنج دەکێشن.

گەلی کورد لەحاڵێکدا ئەم ئازارانە بە گیان ئەزموون دەکەن کە هەر لەم مانگەدا بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی چلەی ئیمام حوسین، هەموو دام و دەزگاکانی ڕێژیم لە کرماشان بە هەموو پێداویستییەکەوە بۆ خزمەت کردن بە زیارەتکەران بە بوودجەی تایبەت ئامادە کرابوون و بە دابین کردنی فڕۆکە و ئوتوبوس و سەدان ئامبولانس و هەزاران کەس و تەنانەت دابەش کردنی خواردنی سەڵەواتی و بە کارهێنانی هێزە نیزامییەکان خزمەتگوزارییان دەکرد؛ ئەمەش لەحاڵێکدا بوو کە کرماشان تووشی کارەسات ببوو و خەڵک ئاوارە ببوون و نان و ئاوی خواردن و نەخوشخانە بۆ دەرمانیان نەبوو.

لە لایەکی دیکەشەوە، بەرپرسانی ڕێژیم تەنیا کارێک کە کردوویانە ناردنی پەیامی هاوخەمی و باس لە کارا کردنی هەموو ئیدارەکان و هێزە نیزامییەکانە نەک هەوڵدان بۆ خزمەت بەم گەلە لێقەوماوە.

بۆ خزمەت کردن بە بەشدارانی چلەی ئیمام حوسێن بە بێ داواکردن لە خەڵک بوودجەی تایبەت دابین دەکرێت، بەڵام بۆ خەڵکی ئاوارەی کوردستان ژمارەی حسابی بانکیان داوە و داوایان لە خەڵکی ئێران کردووە کە یارمەتی ماڵی بدەن.

ڕێژیم بۆ یارمەتیدانی موسوڵمانانی میانمار، سوریە، فلستین و یەمەن و ئافریقا بە کەشتی و فڕۆکە لە بوودجەی تایبەت، کەلوپەل دەنێرێ، بەڵام هیچ بوودجەیەکی تایبەتی بۆ خەڵکی ئێران نییە؛ ئەم هەڵاواردنە بۆ کورد چەندقات زیاترە بەچەشنێک کە کوردبوون بۆ خۆی بووەتە تاوان، تاوانی کوردبوون!.



تەنانەت شێوەی هەڵسوکەوتی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لەگەڵ خەڵک هەتا ئێستە بە شێوەیەک بووە وەک بڵێی ئەو خەڵکە تاوانبارن و بە لێدان و بە کارهێنانی وشەی ناحەز و نائینسانی وڵامی خەڵک دەدەنەوە.

بەڵام لەبەرامبەر ئەم سیاسەتە دووفاقییەدا، خەڵکی نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵات، کە ڕێژیمی ئێران بە باشی دەناسن، بە شێوەی خۆڕسک بە هانای هاووڵاتییانیان لە کرماشان چوون و بە ناردنی یارمەتی بۆ ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان بە هەموو شێوەیەک یارمەتی لێقەوماوانیان دا و ترسیان خستە دڵی داگیرکەرانی کوردستان؛ ترسێک کە لە یەکگرتوویی خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ. لەئەنجامی ئەم ترسەش بە پێشگرتن بە کاروانەکانی یارمەتی و دزینیان لە ڕێگە و هەوڵدان بۆ شاردنەوەی حەماسەی ڕۆژهەڵات و باس نەکردنی لە میدیا چەواشەکارەکانی هەوڵ دەدات لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵک ڕاوستێ؛ بەڵام خەڵکی بە شەرەفی ڕۆژهەڵات سەلماندیان کە بۆ گیانفیدایی لە ڕێگەی نیشتمانیان لە هەر بارودۆخیکدا ئامادەن و هیچ دەسەڵاتی ناتوانێت پێشیان بگرێت.

# لێقەوماوانی پارێزگای کرماشان و یارمەتییەکانی ڕێژیم بۆ بووکەماڵ لە سووریە



لە حاڵێکدا کە گەلی کورد لە کرماشان چاوەڕێی یارمەتی مرۆڤدۆستانەیەو ڕێژیم لە ئاست ئەم چاوەڕوانییە چاوی نوقاندووە، یەکەمین هاوکارییەکان لەلایەن ڕێژیمەوە ڕەوانەی شاری بووکەماڵی سووریە کران.

چەند ڕۆژ لەمەوپێش هەواڵدەریی فارس لەو بارەیەوە بڵاوی کردەوە، ڕێژیمی ئێران پاش ئازادکردنی شاری بووکەماڵ، یەکەم یارمەتییە مرۆییەکانی گەیاندە ئەو شارە.

تراژێدی ئەم کارەی ڕێژیمی ئێران لەوەدایە کە، پاش تێپەڕینی زیاتر لە دوو حەوتوو بە سەر کارەساتەکەی کرماشان، هێشتا خەڵکی پارێزگای کرماشان بە دەست لێقەوماوی و کەمی خزمەتگوزارییەوە دەناڵێنن بەڵام ڕێژیمی ئێران ئاوڕی لێنەداونەتەوە.

لە حاڵێکدا کە کوردانی لێقەوماوی پارێزگای کرماشان بەهۆی هاوکارییە مرۆڤدۆستانەکانی خوشک و براکانیانەوە زیندوو ماون، ڕێژیم هاوکارییە خەڵکییەکانی گەلی کورد بەتاڵان دەبات و ڕادەستی خەڵکی بوکەماڵی سوریەیان دەکات.

ئەوەیکە لە ڕۆژانی ڕابردوودا هاتە ئاراوە، خەڵکی کوردستان لە سەر ئەرکی ئەخلاقی و نەتەوەیی و بە شێوەی خۆبەخشانە و خۆڕسک دەستیان کرد بە یارمەتی کۆکردنەوە بۆ لێقەوماوانی پارێزگای کرماشان و ڕێژیمی ئێران بە جێگای ئەوەیکە یارمەتی خەڵکی لێقەوماو بدات دەستی بەسەر یارمەتییە خەڵکییەکاندا دەگرت؛ ئەوەیکە ڕوویداوە ئەوپەڕی دژەکوردبوونی ڕێژیمی ئێرانمان پیشان دەدات کە جێگەی پەندوەرگرتنە.

# شەرم مەکە بە پێڵاو وەرە ژوورەوە



هەواڵدەرییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بڵاویان کردووەتەوە، کە "ئیسحاق جەهانگیری" جێگری یەکەمی سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران لە کاتی سەردانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەی کرماشان، بە پێڵاو چووەتە ناو خێوەتی لێقەوماوان و ئەو کارە ناحەزش کاردانەوەی خەڵکی و تەنانەت بەرپرسانی ڕێژیمیشی لێ کەوتووەتەوە.

هەندێک لەو هەواڵدەرییەکانی ڕێژیم، لە سەردێڕی هەواڵەکانی خۆیاندا نووسیویانە: "کفشهای جهانگیری را به موزه بسپاریم! ، شاه رفت شاهچه آمد". هەروەها هەندێک لە بەکارهێنەرانی تورە کۆمەڵایەتییەکان نووسیویانە: بریا مەجلیس گەڵاڵەیەکی لەژێر ناوی قەدەغە کردنی سەردانی بەرپرسان بۆ کرماشان پەسەند دەکرد.

جەهانگیری لەو سەردانەدا بە پێڵاو چووەتە نێو خێوەتەکە و سەردانی نەخۆشی کردووە.

دوای ئەو کارە نەشیاوە، ئەم بەرپرسەی ڕێژیم داوای لێبووردنی لە خەڵک کردووە.

# بوومەلەرزەی ڕۆژهەڵات و پێکدادان لە نێوان ناسیۆنالیزمی ئێرانی و کوردیدا



عەلی مۆنەزەمی

سەرەڕای ئەوەیکە مرۆڤبوون لە پێش نەتەوەبووندا بوونی هەبووە، بەڵام لەم سەردەمەدا بە بێدەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی، مرۆڤبوون و مافی مرۆڤ دەکەوێتە بەر هەڕەشە، ڕێزی لێ ناگیرێ و بە ڕەوا نازانرێ. بۆیە بۆ گەیشتن بە پلەی مرۆڤبوون لە تێڕوانینی "ئەوانی دیکەوە"، دەبێ لە پێشدا مافی نەتەوەییت دەستەبەر کردبێ. مێژووی کورد نیشان دەدات کە نەتەوەکەمان لە هەندێک قۆناغی مێژووییدا شیاوی، لێهاتوویی و توانای ئەوەی هەبووە کە نەک تەنیا خۆی، بەڵکوو ئیمپراتۆریە گەورەکانیش بەڕێوە ببات و لە کاتی بەڕێوەبردنیشدا ڕێز لە مافی گرووپگەلێکی جیاواز دابنێ و دادپەروەرانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات (بۆ نموونە پاشایەتیی زەندیە بە سەرۆکایەتیی کەریم خانی زەند). لەلایەکی دیکە، کورد بندەستی و چەوسانەوەشی بە ڕەگ و پێستەوە، بە درێژایی سەدان ساڵ ئەزمون کردووە و ئەو یەکە بووەتە هۆی پێکهاتنی کولتوورێکی تایبەت بە سیمایەکی مرۆڤانەوە لای نەتەوەی کورد کە لە کاتی لێقەومان و پێویستدا خۆی لە قاڵبی "بەش کردنی" شتەکان لەگەڵ یەکدا نیشان دەدات و دەری دەخات کە ئێمە وەک نەتەوە بە دوورین لە کولتووری ئێگۆئیستی و خۆبەزلزانی کە لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی دوژمنانی کوردە . لەم وتارەدا بە لەبەرچاوگرتنی بەشێک لە ئەندێشەی ساموئێل هانتینگتۆن هەوڵ دەدرێ کە ڕووداوەکانی دوای بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان لێکبدرێنەوە.

گەورەکانمان گووتوویانە کە مرۆڤدۆستەکان خۆیان لە کاتی لێقەومان و تەنگانەدا دەناسنەوە. دوژمنانی ئێمە بەگشتی و ڕێژیمی ئێران بەتایبەتی هەموو کاتێک باس لە یەکسانیی نێوان کورد و نەتەوەی خۆیان دەکەن و بە دیتنی ئەوان، کوردی هەر پارچەیەکی کوردستان، هاووڵاتیی ئەو وڵاتانەیە کە تێیدا دەژین بە ماف و ئەرکی بەرامبەرەوە. ئەوان لەوەش تێدەپەڕن و بە قسە هەموو کورد بە ئێرانی دەزانن؛ بەڵام ڕووداوەکان حەقیقەت و ڕاستییەکی دیکەمان پێ دەڵێن و درۆزن بوون و ئێگۆئیست بوونیان دەخەنە بەرچاو و بیری ئێمە. ئەوان نەک لە کاتی بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشاندا بەهانای خەڵکی کوردەوە - بەهۆی کوردبوونیانەوە - نەچوون، بەڵکوو هاوکارییە خۆبەخشانەکانیشیان تووشی ئاستەنگ و بەربەست کردەوە، ڕێگریان کرد لە ناردنی هاوکارییەکان، دەستیان بە سەر بەشێک لە هاوکاریەکاندا گرت و لە ڕێگای هێزە چەکدارەکانی خۆیانەوە بە چەتەچێتی و ڕێگری، بەشێک لەو هاوکاریانەشیان دزی. لە ئاکامی ئەو کارە نامرۆڤانانەی کاربەدەستانی ڕێژیم و نەتەوەی باڵادەستدا، بە دەیان کەسی ڕزگاربوو لە بوومەلەرزە، لە بێ ئیمکاناتی و بێ‌دەرەتانیدا گیانیان لە دەستدا یان تووشی زیانی گەورەی جەستەیی بوون. هۆکاری ئەو کردارە قیزەونە نامرۆڤانانەی ڕێژیم، تەنیا و تەنیا لە بەر کوردبوون، هەبوونی ناسنامە و کولتوورێکی جیاواز بوو کە ئەو خەڵکە هەیبوو.

کولتووری بەخشەندەیی و دلۆڤانیی خەڵکی کورد لەلایەک و کولتووری تاڵانچێتی، جەردەیی و تۆڵەکردنەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم لەلایەکی دیکەوە، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئێمە و ئەوان خاوەنی دوو شارستانیەتی جیاوازین کە هەر یەکێکیان خۆی لە قاڵبی یەکینەیەکی سەربەخۆ و جیاوازدا دەردەخات. ئەو جیاوازییە هاندەرە کە ئەوان لە هەر دەرفەتێک بۆ زەربەوەشاندن لە کورد کەڵک وەربگرن و لەلایەکی دیکەوە، کوردیش بە کەڵکوەرگرتن لە ئێلێمێنتە دیارەکانی کولتووری خۆی، لە هەوڵی ناساندنی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیەتی و مێژوو، داب و نەریت، زمان و ... بۆ جیاکردنەوەی خۆی لە ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵاتدار لە پراکتیکدا هەنگاوی بەرز هەڵدەگرێ.

هەموو لایەک دەبێ باش بزانن کە شارستانیەت و کولتوور شتی دینامیکن و لە ڕەوتی مێژوودا دەتوانن تووشی ئاڵوگۆڕ بن، بەرز بن یان لەنێوبچن. ئەگەر ئێمە گریمانەی خاوەنانی بیری "یەک نەتەوەی ئێران" لە سەر ئەوەیکە خاوەنی شارستانیەتێکی دوور و درێژ و بەرزن، بە ڕاست دابنین، دیسانیش ئەو یەکە نایەتە ئەو مانایە کە ئەوان لە ئێستاشدا هەر خاوەنی ئەو کولتوور و شارستانیەتەن؛ بەڵکوو ئەوە سەردەمانێک بووە کە تێپەڕیوە و تەواو بووە و نوێنەری کولتوور و شارستانیەتی ئەوان، ئێستا ڕێژیمی ئاخوندییە کە لە هەموو بوارێکدا بە دوورە لە نرخ و بەها مرۆڤیەکان. ئەو یەکە دەبێتە هۆی لە بەر یەک کەوتنی کولتووری لە نێوان کورد و ئەواندا و دوو ناسنامەی جیاواز و دوو نەتەوەی جیاواز بە خەتێکی پڕڕەنگ لە یەکتر جیا دەکاتەوە.

کوردەکان نیشانیان داوە کە خاوەنی کولتوورێکی بە تەحەمولن کە تولێرانس لە بەرامبەر گرووپە جیاجیاکانی نەتەوەیی، ئۆلی، زمانی و ڕەگەزی لە خۆی نیشان دەدات و کوردستان دەکاتە وڵاتێک کە هەموو دین و ئۆلەکان و هەموو نەتەوەکانی کوردستانی، تێیدا بە ئارامی و ئازادی بژین و جیاوازییەکان نەک بە هەڕەشە، بەڵکوو بە دەرفەت دەزانێ بۆ پێشخستنی وڵاتەکەی؛ بەڵام بەرامبەرەکەی چی دەکەن و چیان نیشان داوە!؟ ئەوە نییە بێجگە لە زمانی خۆیان، کولتووری خۆیان، دین و ئۆلی فەرمیی خۆیان، و ...خۆیان شتەکان و نرخەکانی هەموو نەتەوە و خەڵکانی دیکە بە بێ نرخ و هیچ دەزانن!؟ ئەوە نییە لەبەر جیاوازیی نەتەوەیی، لە کاتی لێقەوماندا هەوڵ دەدەن کە کورد زیانی زیاتریان بەر بکەوێ!؟ لە کاتی عەردهەژەکەدا ئەوان تەنانەت بەو ئەرکەیان هەڵنەستان کە بۆ خۆیان پێناسە کردووە و لە یاساکانی خۆیاندا ئاماژەیان پێداوە. بۆیە ئەو پێکدادانەی شارستانیەتەکان و کولتوورەکانی کورد و بیرۆکەی شۆڤێنیستی، بنەمایەکە بۆ خۆناسینی درووست و ڕاستەقینە.

ڕێژیمی ئێران، داگیرکەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و وەک داگیرکەر هەڵسوکەوت دەکەن لە گەڵ کورددا. هیچ هەستێکیان نییە بۆ پاراستنی ژیان و ماڵ و حاڵی کوردان و خاک و سرووشتی وڵاتەکەیان. ئەوان کوردستانیان بۆ تاڵانکردن دەوێ تاکوو هەموو کانگا سەرزەوی و ژێرزەوییەکانمان تاڵان بکەن و کەویر و سەحرای ئێرانی پێ ئاوەدان بکەنەوە.

گەر وانییە، جیاوازیی بەم و کرماشان لە چیدا بوو؟ بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران لە کاتی بوومەلەرزەی بەمدا ئامادە بوون تەنانەت هاوکاریی مرۆڤی لە ئامریکا – کە بە دوژمنی سەرەکیی خۆیانی دەزانن - وەربگرن بەڵام حازر نەبوون هاوکاریی هیچ وڵاتێک بۆ لێقەوماوانی کوردستانی لە پارێزگای کرماشان قەبووڵ کەن، سەرەڕای ئەوەیکە چەندین وڵات ئامادەیی خۆیان دەربڕیبوو بۆ ناردنی هاوکاری؟ بۆچی حکوومەت نەک هیچ هاوکارییەکی نەکرد، ڕێگریش بوو لە ناردنی هاوکارییەکانی خەڵک و ئەو شتانەی کە خەڵک دەیناردن، بە تاڵانی دەبردن؟ ئێمە لە مێژە ڕاستیەکان دەزانین و هیچ چەشنە خۆلێ گێل کردنێکی ناوێ. نەسلی ئێمە ڕێگای ڕاستەقینەی ڕێبەرانی دەناسێتەوە. پڕەنسیپە نەگۆڕەکانیان و ئەندیشە دینامیکەکانیان لە یەکتر جیا دەکاتەوە و لە هەر بزاڤێکی گەلەکەی دەرس وەردەگرێ و لە ڕێبازی گەلدا تا ئازادی و سەربەستی لە تێکۆشان ڕاناوەستێ. ئێمە لەو ڕووداوانەی دوای بوومەلەرزەکەی کرماشانڕا بە ڕوونی بۆمان دەرکەوت کە نابێ و ناکرێ ئەو پێکدادانە شارستانیەتانە لە بەرچاو نەگرین و لێیان فێری یەکگرتوویی، نەتەوەپەروەری و خۆشەویستیی نیشتمان نەبین.

**نەسلی ئێمە ڕێگای ڕاستەقینەی ڕێبەرانی دەناسێتەوە. پڕەنسیپە نەگۆڕەکانیان و ئەندیشە دینامیکەکانیان لە یەکتر جیا دەکاتەوە و لە هەر بزاڤێکی گەلەکەی دەرس وەردەگرێ و لە ڕێبازی گەلدا تا ئازادی و سەربەستی لە تێکۆشان ڕاناوەستێ. ئێمە لەو ڕووداوانەی دوای بوومەلەرزەکەی کرماشانڕا بە ڕوونی بۆمان دەرکەوت کە نابێ و ناکرێ ئەو پێکدادانە شارستانیەتانە لە بەرچاو نەگرین و لێیان فێری یەکگرتوویی، نەتەوەپەروەری و خۆشەویستیی نیشتمان نەبین.**

**کوردەکان نیشانیان داوە کە خاوەنی کولتوورێکی بە تەحەمولن کە تولێرانس لە بەرامبەر گرووپە جیاجیاکانی نەتەوەیی، ئۆلی، زمانی و ڕەگەزی لە خۆی نیشان دەدات و کوردستان دەکاتە وڵاتێک کە هەموو دین و ئۆلەکان و هەموو نەتەوەکانی کوردستانی، تێیدا بە ئارامی و ئازادی بژین و جیاوازییەکان نەک بە هەڕەشە، بەڵکوو بە دەرفەت دەزانێ بۆ پێشخستنی وڵاتەکەی.**

# ڕاسان و پێشمەرگە



عەبدوڵڵا ڕەسووڵی

قوناغی نوێی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان یەکێك لە کات و ساتە گرنگەکانی مێژووییە و بە ناوی ڕاسانەوە دەستی پێکرد. بێگومان ڕاسان قوناغێکی نوێی خەباتە کە جیاوازییەکی بناغەیی و گرنگی لەگەڵ فوناغەکانی ڕابردوودا هەیە. لەبەر هەمان هۆش هەموو پێکهێنەرەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی لە بەشی سیاسی و نیزامییەوە هەتا بەشی شار و مەدەنی و خەباتی سەرشەقام بەتەواوی پێناسە و ئەرکەکانیان دەگۆڕێت و هاوکاتیش ڕاسان هەوڵ دەدات شوناسێکی نوێ و ئەرکی نوێیان پێبەخشێت.

ئەو بابەتە سەلماوە کە لە چوارچێوەی ڕاساندا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا ئەرك و پێگەی تایبەت بە خۆیان لە نێو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا دەبێت. کاتێك ڕاسان بەمانای بەستنەوەی خەباتی شار و خەباتی شاخە بێگومان دەبێت ئەوەمان لا ڕوون بێت، کە خەباتکارانی شاخ هەمیشە پارێزەر و پشتیوانی خەباتکارانی شارن و هەر ئەوانن دەتوانن ببنە چەکوشی بانسەری داگیرکەران بۆ ئەوەی لە کاتی خەباتی ڕزگاریخوازیدا گوشار لەسەر خەباتکارانی شار کەم بکەنەوە.

ئەوەش ڕوونە کە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هێزی چەکدار و سەرباز، پارێزەری لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییە و بە بێ بوونی هێزی سەربازی هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێت خۆی بپارێزێت. بۆیە هەر لێرەیشەوە دەبێت ئەوەمان لە بەرچاو ڕوون بێت کە پێشمەرگە پارێزەری پێکهاتەی کۆمەڵگایە؛ بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە کاتێك نەتەوەیەك ژێردەستە ئەوا ئەرکی خەباتی ڕزگاریخوازی بەتەواوی دەکەوێتە سەرشانی هێزی سەربازی و یاخود لە کوردستان دەکەوێتە سەرشانی پێشمەرگە.

لە ڕاساندا گۆڕەپانی خەبات ئەوەندە بەرفراوان بووە کە دەرفەتی بۆ یەك بە یەکی ئەندامانی کۆمەڵگا ڕەخساندووە تاکوو بەپێی شوێن و ڕێگەی خۆی هەنگاو بنێت و هیچ جیاوازییەك لە بواری ئەرك و جێبەجێ کردنەوە بوونی نییە، تەنیا ئەوە پێویستە ئەو کردارە لە خزمەتی ڕزگارکردنی نەتەوەدا بێت.

بە دروست بوونی ئەم حاڵەتە لێرەوە ئەرکی پێشمەرگەش گۆڕاوە؛ پێشمەرگە وەك باسکی بەهێزی گەل و هاوکاتیش وەك باسکی پارێزەی نەتەوە و خاك و نیشتمان، کە پێشتر ئەرکی سەرشانی ڕزگارکردنی نیشتمان لە دەستی داگیرکەران بوو، ئەمجارە و لە ڕاساندا ئەرکی گۆڕاوە و هاوکاتیش بەهەمان شێوە کە گۆڕەپانی خەبات بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەرفراوان بووە ئەوا ئەرکی پێشمەرگەش گۆڕاوە و بەرفراون بووە.

گۆڕانکاری لە ئەرکی پێشمەرگە لەوێڕا بەدەردەکەوێت کە لە ڕاساندا پێشمەرگە تەنیا هێزی خەباتکار نییە، بەڵکوو جیا لە خەباتکاربوونی پارێزەری چین و توێژە خەباتکارەکانی دیکەیشە. بەو مانەیە کە پێشمەرگە جیا لە خەباتێکی چەکداری لە دژی دوژمن بەشێك لە ئەرکی دەبێتە ئەوەیکە گوشار لە سەر چین و توێژەکانی دیکە بۆ بەردەوامبوونی خەبات کەم بکاتەوە و لە کاتی پێویست پارێزەری گیان و شێوازی خەباتی ئەوان بێت.

ئەوەی ڕوونە پێشمەرگە لە ڕاساندا جیاوازییەکی زۆر گرنگی پەیدا کردووە؛ ئەویش لەوێڕا بەدەردەکەوێت کە بەپێچەوانەی قوناغەکانی پێشوو، کە پێشمەگە هەندێ کات تاقانە سیما و سیمبۆلی خەباتکاری بوو، ئەمجارە تێکڕای نەتەوە خۆی لە گۆڕەپانی خەباتدا دەبینێتەوە و تێکڕای چین و توێژەکان دەبنە خەباتکار، بەڵام پێشمەرگە هەمان پێشمەرگەیە کە باسکی بەهێزی گەلە و بە لایەکدا بەشێکە لە خەباتکارانی نەتەوە و بە لایەکی دیکەشدا پارێزەری هەموو خەباتکاران و پشتیوانی بەهێزی ئەوانە بۆ ئەوەی بتوانین درێژەدەری خەباتیان بن.

بۆیە، لێرەوە دەڵێم، ڕاسان توانیویەتی جیا لە گۆڕینی ڕوانگە بۆ سەیرکردنی پێشمەرگە، ئەرك و ڕۆڵی جیاواز بە پێشمەرگە بدات و هاوکاتیش پێشمەرگە بۆ ئاستێك بەرز بکاتەوە کە هەست بکات تێکڕای نەتەوە لەگەڵی، لە گۆڕەپانی خەباتدایە و تێکڕای نەتەوە پشتیوانیەتی و دەبێت ئەویش بیانپارێزێت.

# سامانی وڵات بۆ تیرۆریستان، وێرانی و دواکەوتوویی بۆ کوردستان

ئەلبورز ڕووئینتەن

ڕووداوە سروشتییەکان لەڕووی مرۆیی و خەسارەتەکانەوە ناخهەژێنەرن؛ هەوڵی دەوڵەتانی دونیا بۆ پێشگرتن و چارەسەریی لە کاتی ڕووداوەکاندا خزمەتی زۆر بە خەڵک دەگەیەنێت، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان بەهۆی هەبوونی ڕێژیمی دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی ڕاستییەکان زۆر جیاوازترن؛ چونکە دەوڵەت لێرەدا نەک کاری بۆ پێشگرتن یان چارەسەریی یان گەیاندنی یارمەتی نەکردووە، بەڵکوو بە زۆر شێوەش دژایەتی ڕاستەوخۆ کردووە.

ئەگەر باسی بەرنامەی دەوڵەت بۆ پێشگرتن لە بواری ڕووداوە سروشتییەکان بکەین، دەبینین دەوڵەت وێڕای کەمکاری تاوانباریشە، بۆ نموونە لە ڕووداوی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان، بینا خزمەتگوزارییەکان وەکوو: نەخۆشخانە و قوتابخانەکان بەر لە هەر شوێنێکیتر ڕووخاون و زیانیان پێ گەیشتووە، لە کاتێکدا دەبێ ئەو شوێنانە بە ستانداردی زۆرباش دروست بکرێن، بەڵام دیارە دەوڵەت لەو بوارەدا زۆر تاوانبارە. جیا لەوە پڕۆژەکانی حکوومەتی وەکوو "مەسکەنی مێهر" یەکێکیتر لە کەمکارییەکانی حکوومەت لەو بوارەیە، کە زۆرترین خەساریان پێگەیشتووە.

لە هەموو جیهاندا دوای ڕوودانی ڕووداوێکی لەم چەشنە، بەرنامەی ڕزگارکردنی خەڵک و هاوکاری کردنیان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەمکردنەوەی زیانەکان هەیە، بەڵام هەر لە یەکەمین ساتەکانی ڕوودانی کارەساتی بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان، بەرنامەی دەوڵەت بۆ پەردەپۆش کردنی ڕووداوەکە گەورەترین زیانی بە ناوچەی بوومەلەرزەلێدراو گەیاند، چونکە لەسەر بنەمای گەورەیی ڕووداوەکە و ئاماری خەسارەتەکان و ڕووبەری ناوچەی خەساردیتوو دەکرێت بەرنامەی پێویست بۆ ڕزگارکردنی خەڵک و گەیاندنی یارمەتی پێویست دابنرێت.

دەوڵەت بەهۆی ڕوانگەی ئەمنییەتی بۆ ناوچەکە نەیدەویست ڕاستی ڕووداوەکە ئاشکرا بێت، هەر بۆیەش گەورەترین مەبەستی بەئەنقەستی ڕێژیم بۆ خزمەت نەکردن یان ڕزگارکردنی بەشێوەی پێویست بەو شێوەیە ئاشکرا بوو؛ بەڵام کاتێک بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە گەورەیی کارەساتەکە دەرکەوت و شەقامی کوردی هەر زوو لە نییەتی ڕێژیم بۆ دژایەتی کردنی ئەو ناوچە ئاگادار بوویەوە، گەل دەستی دایە حەماسەی گەیاندنی هاوکارییەکان، بەڵام هەر زوو هەواڵ و ڕاپۆرتی وەها بڵاو بوونەوە کە سپای پاسداران و ڕێژیم بۆ دزینی یارمەتییەکان و هەمبار کردنیان لە بنکە نیزامییەکان هەوڵیان داوە، ئەم جۆرە دژایەتی کردنە تەنیا لە ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوەشێتەوە و لە هیچ شوێنێکیتر نەدیتراوە یارمەتی خەڵک بۆ لێقەوماوان بدزرێت ئەویش لەلایەن حکوومەتەوە.



ئێستا دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر لە ڕووداوەکە، خەڵکی ناوچەکە لە زۆر ڕووەوە لە ژێر گوشاردان و سەرمای زستان و باران لەلایەک، نەبوونی خانوو یان تەنانەت لە هەندێک شوێن خێوەتیش لەلایەکیتر خەڵکی نیگەران کردووە.

لە کاتێکدا زستانێکی سەخت لە پێشدایە، نەبوونی پلانێکی دیاریکراو لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ دروست کردنەوە و بووژاندنەوەی ناوچە، نیگەرانی خەڵکی دووهێندە زیاد کردووە. لەو نێوەدا هەندێک یارمەتی سنووردار، کە چەندی دەگات بە دەستی خەڵکی زیانبەرکەوتوو ئەویش جێگەی گومانە، لەلایەن ڕێژیم و دەزگای ڕاگەیاندنی حکوومەتیەوە گەورە دەکرێتەوە، ئەگەر لەگەڵ ڕێژەی هاوکاریی ڕێکخراوەکانی تێرۆریستی سەر بە ڕێژیم لە ناوچەدا بەراورد بکرێت، دەبینین کە چۆن سامانی وڵات لە خەڵکی ئێران و کوردستان دەدزرێت و بەو ڕێکخراوانە دەدرێت.

لە کاتێکدا لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە باسی نەبوونی سەرەتاییترین پێداویستییەکانیان دەکەن و ئەگەر خەڵکی خۆبەخش نەبایە، ئێستە لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بوون، ڤیدیۆیەکی حەسەن نەسروڵڵا، ڕێبەری ڕێکخراوی حیزبوڵڵای لوبنان کە پێشتر بڵاو بووەتەوە، دەبینین کە چۆن بە ئاشکرا باس لە زۆربوونی ڕێژەی هاوکاریی ئێران دەکات و بەو شێوەیە دڵنیایی تەواو دەدات لە سەرفکردنی هەموو تێچووە سەربازی و لۆجستیکییەکان و مووچەی ئەو ڕێکخراوەیە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە.

ئەگەر تەنیا مووچەی یەک مانگی هێزێکی وا گەورە بە نموونە وەرگرین کە یەک قەڵەم لە هەزاران قەڵەمی خەرجییەکانە، دەبینین میلیۆنان دۆلار دەکات، کە دەتوانێ نەک ناوچەی بوومەلەرزەلێدراو ئاوەدان بکاتەوە، بەڵکوو دەتوانێت زۆر پارێزگاریتر کە ئەگەری ڕوودانی بوومەلەرزە تێیدا زۆرە بە جۆرێک بونیات بنرێتەوە کە لە بەرانبەر ئەو ڕووداوانەدا کەمترین زیانیان پێ بگات، بەڵام وەک دیارە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی، هاوکاری کردنی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی بەلاوە گرینگتر بووە نەک هاوکاری کردن و چارەسەر کردنی گرفتی خەڵکی کوردستان و ئێران بەگشتی.

هەر بۆیەش جارێکیتر بۆ خەڵک ڕوون بوویەوە کە هەتا ئەو کاتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەبێت، سامان و داهاتی ئەم وڵاتە بۆ تێرۆر و تێرۆریستان و پێداویستییەکانی ئەوان دەبێت و وێرانی و دواکەوتوویی و نەبوونی و هەژاری بۆ وڵات و هاونیشتمانیان.

# مەرگی نووسەر

ن: رۆلان بارت
و: رامان سۆفی سوڵتانی

## بەشی دووهەم و کۆتایی



زمانەوانی بە وەلانانی خودی چەمکی ئەدەبیات(لە راستیشدا ئەو جۆرە زیپک و بایەخانەش، بایەخی خۆیان لە دەست دەدەن) لە هەمان کاتدا کە وایێشان دەدا هەمووی ئەم ئیلهامە باس لە پرۆسەیەکیی بێناوەرۆک دەکەن بەئامانجی وێران کردنی نووسەر، خۆی بە پۆلێ کەرەستەی پڕبایەخی لێکۆڵینەوە تەیار دەکات. لە ڕوانگەی زماننناسیەوە ئەم پرۆسەیە، بێ ئەوەی پێویستیشی بەوە هەبێ بە کەسایەتی خوێنەران پڕ کرێتەوە، کارکردی خۆی هەر دەپارێزێ.

زماننناسی دەڵێ: نووسەر بۆ نووسین لە شایەتێک زیاتر نییە، هەر بەو چەشنە کە "من" ناتوانێ لە شایەتێک زیاتر بێ کە باس لە "من" دەکا. زمان بابەت دەناسێ، نەک "کەس". بابەتیش- لە گەڵ ئەوەی لە دەرەوەی ئەو" ئیلهامە" کە پێناسە و مەرجی پێ دەبەخشێ، لە خۆیدا هیچ نییە — بەسە بۆ ئەوەی یەکپارچەیی ببەخشێ بە زمان. بەگشتی بابەت لە دەستی دێ وەهەڵگری ئەوە هەیە لە هەموو وزە و توانستەکانی زمان کەڵک وەرگرێ.

سڕینەوەی نووسەر(جێی خۆیەتی لێرەدا دەگەڵ برێشت هاودەنگ بین، لەو شوێنەدا کە باس لە مەودادانانی راستەقینە دەکا وەدڵێ : نووسەر لە چەشنی کۆتەڵێک لە دوورترین خاڵی گۆڕەپانی ئەدەبیدا لە چاوان ون دەبێ). تەنیا راستییەکی مێژوویی یا هەنووکەیی وقۆرغ کراوی پەیوەست بە "نووسین"ەوە نییە. سڕینەوەی نوسەر، دەقی نوێ دەگۆڕێ.(روونتر بڵێم: دەق ئەمجارەیان جۆرێک بەرهەم دێ و دەخوێندرێتەوە کە نووسەر لە هیچ ئاستێکیدا بەرچاو ناکەوێ.

لێرەدا جیاوازییەک لە ڕێکخرانی کاتدا بەدی دەکرێ. نووسەر، ئەگەر باوەڕی پێ بێنین، هەمیشە وەک سەربردەیەک لە کتێبەکەی لێی دەڕوانین. کتێب و نووسەر هەر خۆبەخۆ لەسەرهێڵێکی تاک دەوەستنەوە .هێڵێک کە دابەش بووە بە دوو کەرتی پێشترو پاشترەوە. پێمان وایە کە ئەوە نووسەرە کە هەوێن دەدا بە کتێب، بەواتایەکی‌تر یانی نووسەر بەر لە بوونی کتێبەکەی بوونی هەیە، بیر دەکاتەوە، ئازار دەچێژێ، بۆی دەژی و سەروەری ئەو بە سەر بەرهەمەکەیدا، وەک پێوەندی باوک دەگەڵ جگەرگۆشەکەی وایە.

لە ڕوبەڕووبوونەوەیەکی تەواوعەیار دەگەڵ ئەم ڕامانەدا، "قەڵەم بەدەستی ئەمرۆیی هاوکات دەگەڵ دەقەکەدا لەدایک دەبێ. بەهیچ جۆر نە ئەم سەروەرییە بەسەر دەقدا هەیە نە دەق سەروەری بە سەر ئەودا. لە حاند کتێبەکەشدا - لە کوێن "بار"- قەڵەم بە دەست دەوری —"بەربار"ەکە ناگێڕێ. زەمەنێکیش جگە لە کاتی "ئیلهام پێکران" بوونی نییە. هەر دەقێکیش بەردەوام لە ئێرە و لە ئێستادا دەنووسرێتەوە. راستەقینە ئەمەیە (یاخۆ لێ تێگەییشتنی وایە) کە نووسین ئیتر بە سەر کاروباری نووسینەوە، یادداشت هەڵگرتن، نواندنەوە و وێناکردن، (بەوجۆرەی کلاسیکخوازەکان لێی دەدوێن) دەلالەت ناکات. نووسین دەقاودەق بە سەر ئەو شتەدا کە زمانەوانەکان - بەپێی فەلسەفەی ئاکسفۆرد- ناوی دەنێن جۆرێک کردار، بیچمێکی ئاخاوتەی دەگمەن و کەم وێنە، دەلالەت دەکا. ( شێوازێک کە لە ڕێزماندا بە یەکەم کەسی تاک و لە زەمەنی "ئیستا"دا بێژ دەکرێ). لەم بیچمی ئاخاوتەیەدا "ئیلهام" جگە لە کردارێک کە لە سۆنگەی ئەوەوە دەربڕین مسۆگەر دەبێ، واتایەکی تری نییە. (یانی هیچی دیکەی بۆ کوتن پێ نییە)، بۆ وێنە شتێکی ئاوا: بڵێی "من ڕادەگەیەنم" لەلایەن پاشاکانەوە، یان بڵێی "من دەچڕم " لە زمان شاعیرانی کەوناراوە.

"قەڵەم بە دەستی" ئەمرۆیی بە دەرهاویشتن و ناشتنی نووسەر، وەک لە ڕوانگەی سەرسەرەکییەکانی پێشینیانیدا بەدی دەکرێ، ئیترناتوانێ بێتە سەر ئەو رایە "کە ئەم دەستە دەروەستی ئەم بیر و هەستە نایە. ناتوانێ فەرمانێکی وا دەربکات و بەو شێوەیە و بەپێی نیازی خۆی تەگەرە بخاتە سەر ڕێی ئەو ڕەوتەی سەرەوە وبە فیتی دڵی خۆی تیف تیفەی ئەو قەوارەیە بدات کە خۆی بە دڵیەتی. بە پێچەوانەوە، لە لای ئەو، دەستێکی دابڕاو لە هەموو دەنگێک لە ژێر کاریگەری حاڵوەهوای ڕەهای نووسینەوەدا، (نەک دەربڕین)، لە چوارچێوەیەکی بێ ئاخێزگە و سەرچاوەدا دەکەوێتە پشکنین. (یان هیچ نەبێ لە دەورێکدا کە ئاخێزگەیەکی تری بێجگە لە خودی زمانەکە نییە، ئەو زمانەی کە بەردەوام گومان دەخاتە سەر هەموو ئاخێزگەکان).

ئەوە دەزانین دەق، بە تەنیا بە دێڕێک ناڵێن کە لە لێزگەیەک وشە پێکهاتبێ کە واتایەکی ئاسمانی ("پەیام"ی نووسەر-خودا) ی لێوەدەرچێ؛ بەڵکوو کەشایەکی فرەرەهەندە، لە کۆمەڵە نووسینێکی جۆراوجۆردا، کە هیچ کامیان خاوەن رەسەنایەتی نین، لەوێدا تێکەڵ بە یەک دەبن و لەیەک دەنگوێن.

دەق لە تانوپۆی ئەو حیکایەتانە پێکهاتووە کە لە ناوەندگەلێکی لە ئەژمارنەهاتووی کلتووریەوە وەرگیراون. هەروەک بوڤارد و پێکووشە، ئەو دوو لاساییکەرەوە هەردەم زیندووە. کە لە یەک کاتدا هەم بەرز و بەرێز بوون، هەم قەشمەری و گاڵتەجار. ئەو هەمووە قەشمەرییەیان راستە و راست باسی لە راستەقینەی نووسین دەکرد. نووسەریش تەنیا ئەمەی لە دەست دێ لاسایی حاڵوەهوایەک بکاتەوە کە زیاتر دەرەکییە نەک دەروونی. تاکە دەسەڵاتی ئەو لەمەدایە کە نووسینەکان ئاوێتەی یەکدی بکات و ڕووبەڕووی یەکیان بکاتەوە. بە جۆرێ قەت وانەبێ وەها لە خۆی ڕاببینێ پشت بە یەکیان ببەستێ.

ئەو ئەگەر ئامانجی گێرانەوەی"خۆی" بووایە، دەبوو لانیکەم ئەمەی بزانیبایە: ئەو"شتە" دەروونیەی دەیهەوێ بە زمانێکی‌تر بۆمانی بگێڕێتەوە، لە خۆیدا فەرهەنگێکی وشەیە، کە وشەکانی بەتەنیا لە سۆنگەی وشەگەلێکی ترەوە لێکدەدرێنەوە، ئەمەش ڕەوتێکی بەردەوامە و لە کۆتایی نایە.

"تۆماس دۆکوینسی" لاو تووشی بوو بە تووشی ئەزموونێکی لەم چەشنەوە؛ دۆکۆینسی لە زمانی یونانیدا هێندە پسپۆڕ بوو، توانی بەمەبەستی وەرگێرانی باوەڕگەل و ئیماژی تازە تازە بۆ سەر ئەو زمانە مردووە،(وەک بودلێر لە paradis artificiels دا باسی لێوە دەکا) فەرهەنگێکی وەها بۆ خۆی دەستەبەر بکا کە بەمتمانەوە پشتی پێ ببەستێ. ئەم فەرهەنگی وشەیە لە هەمووی ئەو فەرهەنگی وشانەی لە ئەنجامی هەوڵە ئاساییەکانی بابەتە ئەدەبیەکاندا نووسراون، قووڵتر و بەربڵاوتر بوو.

قەڵەم بە دەست کە لە پاش نووسەر سەرهەڵدەدا، لە جیاتی جۆش و خرۆشەکان، خوو وخدەکان، خەم وکارتێکردنەکانی، ئەم فەرهەنگە زەبەلاحەی وشەیە، لە دەروونی خۆیدا هەڵدەگرێ و شێوە نووسینێکی لە وەستاننەهاتووش کە لە دووتوێی ئەو فەرهەنگەی هەڵدێنجێ: ژیانیش جگە لە لاساییکردنەوەی ئەم کتێبە کارێکی تری لە دەس نایە. کتێب خۆی لە خۆیدا تانوپۆی لە نیشانەکان پێکهاتووە؛ لاسایی کردنەوەیەکی بێ ئاکام، کە هەتاهەتایە ناگا بە ئەنجام.

بە وەلانانی نووسەر، ئیتر بانگەشەی ڕەمزکردنەوە لە دەق بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێ. ئەگەر نووسەرێک بە دەقەکە ببەخشین، دەقەکەمان دەربەستی شتێک کردووە. بە جۆرێک، مەدلوولێکی بە ئەنجام گەییشتوومان بە ئەستۆدا بڕیوە و دەقەکەمان داخستووە. وەها تێگەییشتنێک لەسەر دەق، دەگەڵ ڕەخنەش دەگونجێ. ئەگەر وابێ، ئەو کات ئەرکی هەرە گرانی ڕەخنە، دەبێتە گەڕان و پشکنین بە شوێن دۆزرانەوەی نووسەر(یان لێ تێگەییشتنەکانی ئەو: کۆمەڵگا، مێژوو، زەین، ئازادی) لە پاشخانی بەرهەمەکەوە: ئەو کاتە کە لێڤە لە سەر نووسەر هەڵدراوە، دەق" شی کراوەتەوە"و ئەمەش یانی سەرکەوتنی ڕەخنەگر. هەر بۆیەش زۆر سەیر نییە لهباری مێژووییەوە دەسەڵاتداری نووسەر هاوواتا بووە دەگەڵ دەسەڵاتدارێتی ڕەخنەگریش.

هەروەها سەیریش نییە ئەگەر ئەمڕۆ ئەبینین، ڕەخنە(جا چ ڕەخنەی نوێ و ئەمڕۆییانە بێ یاخود شتێکی تر) و نووسەر هەر دووکیان، شان بە شانی یەکدی بەرەو سڕانەوە ئەچن. لە فرەچەشنی نووسیندا، لە جیاتی ڕەمزکردنەوە هەمووشتێک دەبێ ڕەها بکرێ. پێکهاتە، لە هەر خاڵێک و هەر ڕووپەڕێکدا بۆی هەیە بەردەوام درێژەی هەبێ و بڕەوێتەوە (وەک تاڵێک لە گۆرەوی)، بەڵام لە پشت ئەوەوە دەسکەوتێکی ترمان نابێ. پانتای نووسین بۆ ئەوە نییە دزە بکەیە ناخیەوە و موو بە مووی بدۆزییەوە، بەڵکوو هەوارێکە بۆ ئەوەی سەفەری تێدا بکەی. نووسین، لەگەڵ ئەوەدا بە کردەوە خۆدەدزێتەوە لەوەی مانا بە دەستەوە بدا، لە گەڵ ئەوەش، بە شێوەیەکی ڕێکخراو، مانا دادەڕێژێ بۆ ئەوەی بیسڕێتەوە. بەم شێوەیە دەقاودەق ئەدەب (باشتر وایە لێرەوە بڵێین نووسین)، بە خۆپاراستن لە جێگیرکردنی "ڕاز"ێکی دیاریکراو، مانایەکی بە ئەنجام گەیشتوو بۆ دەق(هەروەها بۆ جیهان لە شێوەی دەق) ئەو شتەی بە جۆرێک دەکرێ ناوی بنێین چالاکی دژە ئاسمانی، دەخاتە گەڕ. چالاکییەک کە لەڕاستیدا خۆی شۆڕشێکە، لە بەرئەوەی خۆپاراستن لە سوورکردنەوەی مانا لە لێکدانەوەی دواییندا، خۆلادانە لە خوا و دەرکەوتە زەینییەکانی ئەو- بەڵگە، زانست، یاسا-ە.

وەرن با داگەڕێینەوە سەر ڕستەکەی باڵزاک؛ کەس "تاکە کەس"ێک ئەو ڕستەیەی بە زاردا نەهاتووە: پێگەی راستەقینەی نووسین نەک لە ئاخێزگە و دەنگیدا، بەڵکوو دەبێ لە خوێندنەوەدا بۆی بگەڕێی. نموونەیەکی باشتر دێنمەوە بۆئەوەی باشتر لێمان روون ببێتەوە: لە توێژینەوەیەکی ئەم دواییانەدا(لە لایان جی.پی.وێرنان) کە تەرخان کرابوو بە خستنەڕووی ڕەگەزە دووانە و گوماناوییەکانی نێو تراژێدیا یوونانیەکان وا دەرکەوت کە تانوپۆی دەقە تراژێدیەکانی یونانی لە وشەگەلێک پێکهاتووە کە لە دوو سەرەوە واتا دەبەخشن؛ وشەگەلێک کە هەر کارەکتەرێک لە سەرێکەوە لێی تێدەگا (لە راستیشدا هەر ئەم خراپ تێگەیشتنە بەردەوامەیە بیچم دەبەخشێ بە تراژیدیا) بەڵام بەم حاڵەوە کەسێکیش هەیە دەگەڵ دوو واتایی بوونی هەر وشەیەکیشدا، لێی تێدەگا و سەرەڕای ئەمەش ئەوەندە تێگەییشتووە، کەڕبوون و گوێ نەبیسبوونی ئەو کەسایەتییانە ببینێ کە خەریکن لێکدا لە بەردەم ئەودا قسە دەکەن. ئەمەش هەمان خوێنەر(بیسەر)ە. سەرلەبەری "بوونێتی" نووسین بەم شێوەیە دەگا بە خاڵی گۆڕان: دەق لە پۆلێ نووسینی چەند ڕەهەندیدا، کە هەر کامیان لە چەندین فەرهەنگی جیاجیا هەڵێنجراون و خزێندراونەتە نێو پێوەندی نێوان دەمەتەقێ - وتن و بیستن- و دەمەقاڵە و چەلەحانەی گاڵتەجارەوە. لێرەدا دەگەین بە خاڵێک، کە جەمسەری ئەم ڕەهەندە جیاجیایانە لەودا دەگەنەوە بە یەک، ئەو خاڵەش، خوێنەرە، نەک "نووسەر"، کە تا ئیستا وایانکوتووە.

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan · No:714 6 Dec. 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ٩٦ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتیە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:



**کۆڵبەران:** ڕێکەوتی ٣٠ی خەزەڵوەر، تەقینەوەی مین لە شاری سەردەشت بوو بە هۆی کەمئەندامبوونی کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "ئیدریس مەحموودی" تەمەن ٢٧ ساڵ کوڕی ئەحمەد خەڵکی گوندی "نەڵاس"؛ ئەم کۆڵبەرە کوردە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری مەهاباد کراوە.

هەروەها کۆڵبەرێکی کورد خەڵکی شاری سەلماس بە ناوی "ئیسماعیل جەباری" تەمەن ١٩ ساڵ لە کاتی ڕاوەدوونانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە بەرزایی بەربوویەوە و بە سەختی بریندار بوو.

لە لایەکی دیکەشەوە؛ کاتژمێر ٧ی شەوی هەینی ٣ی سەرماوەز، بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێکی جۆری "ئیستەیشن" هەڵگری کۆڵبەرانی کورد لە ڕێگای بانە ـ ئارەمەردە کەسێک گیانی لە دەست دا و ٦ی دیکەش برینداربوون.

هەواڵنێری کوردپا شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردەی "ڕێبوار سەعیدی" تەمەن ٣٢ ساڵ و خێزاندار ڕاگەیاندووە.

لەلایەکی دیکەوە، لوقمان واحیدی، کۆڵبەری کورد خەڵکی پیرانشار کە ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی خەزەڵوەر، بە هۆی تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار ببوو، هەر دوو چاو و لاقێکی لە دەست دا.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٧ی سەرماوەز، سەرما و سۆڵە، گیانی کۆڵبەرێکی کوردی بە ناوی "هیوا مستەفەوی" تەمەن ٣٢ ساڵ خەڵکی گوندی "پوشاوێ" سەر بە شاری شنۆ لە بەرزاییەکانی کێلەشین ئەستاند.

ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی سەرماوەز هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە سنووری ماکۆ دەستەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان دایە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "نەورۆز بادپا" بە توندی بریندار بوو.

ڕۆژی شەممە ١١ی سەرماوەز، کاسبکارێکی کورد بە ناوی "ئیبراهیم" بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە نزیک گوندی دۆڵەبی سەر بە شاری سەردەشت بە سەختی بریندار کرا.

**تەقینەوەی مین:** ڕۆژی دووشەممە ١٣ی سەرماوەز، سێ هاووڵاتیی کورد خەڵکی شاری مێهران سەر بە پارێزگای ئیلام کە دوو ژن و پیاوێک بوون لە نێو ماشینێک لە جۆری پراید بە هۆی تەقینەوەی مینێکی دژە تانک گیانیان لە دەست دا.

شوناسی ئەو سێ هاووڵاتییە بە ناوەکانی "ڕوقەیە تاراج ٥٤ ساڵ، شاژنە تاراج ٥٥ ساڵ و ڕوحوڵڵا مەلک خەتایی ٣٢ ساڵ" ڕاگەیەندراوە.

**کرێکاران:** ڕۆژی شەممە ٤ی سەرماوەز، وەستاکارێکی کوردی خەڵکی شاری جوانڕۆ بەناوی "مەجید مەولایی" بە هۆی تەقینەوەی هەوا_گاز لە کاتی کار کردن، لە شارەکی سنعەتی شاری جوانڕۆ گیانی لە دەست دا.

**خۆکوژی:** ڕێکەوتی ٢ی سەرماوەز، لاوێکی تەمەن ٢٢ ساڵ خەڵکی گوندی "خامسان" سەر بە شاری کامیاران دەستی دایە خۆکوژی.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری کامیاران شوناسی ئەو لاوە کوردەی بە ناوی "ئارمان مورادی" تەمەن ٢٢ ساڵ ڕاگەیاندووە.

٨ی سەرماوەز، زیندانییەک لە بەندی یەکی زیندانیی ڕەجایی شاری کەرەج خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

شوناسی ئەو زیندانییە بە "محەممەدی لوڕ" تەمەن ٣١ ساڵ ڕاگەیەندراوە کە ماوەی ٥ ساڵە لە زیندان دایە.

ڕۆژی شەممە ١١ی سەرماوەز، کچێکی لاو خەڵکی سەردەشت بە ناوی "شوعلە زەربان" کچی "محەممەد" کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا کە هۆکاری خۆکوژییەکەیان بۆ "کێشەی بنەماڵەیی" گەڕاندووەتەوە.

دەسبەسەر کردن: ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی سەرماوەز، سێ چالاکی مەدەنی و مامۆستا و پێشنوێژی مزگەوتی شیوە برایمەی شاری سەردەشت بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کران.

ڕۆژی پێنجشەممە هەواڵنێرێکی کورد خەڵکی گوندی "گامێش چەران" سەر بە شاری گێلان لە پارێزگای کرماشان بە ناوی "ئەرژەنگ زەرگوش" لە لایەن مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا و ڕۆژی چوارشەممە ٨ی سەرماوەز، ڕۆژنامەنووس و شاعێری کورد لە شاری مەشهەد بە ناوی "عەلیڕەزا سپاهی‌لابین" دەستبەسەر کرا.

شەش چالاکی مەدەنی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کراون و لێپرسینەوەیان لێ کراوە کە بریتین لە: فەرهاد چەتانی، تەیب چەتانی، لوتفوڵڵا ئەحمەدی، حەیدەر ئەختە، ئەفشین ئەدەب و ئەحمەد کەرباسچی.

شەوی پێنجشەممە ٩ی سەرماوەز، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "ئارام نیک‌پەی" خەڵکی گوندی "نێ" و "تەحسین دادڕەس" خەڵکی گوندی "سەردۆش" سەر بە شاری مەریوان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.

ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی سەرماوەز، "محەممەد کەریمی" یەکێک لە چالاکانی شاری بۆکان، بۆ جێبەجێ کرانی حوکمەکەی لەلایەن مەئموورانی حکوومەتەوە لە ماڵەکەی خۆیدا دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندانی بۆکان کرا.

# هاوژینی خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەبیعی لە ساڵڕۆژی تێرۆری ناوبراودا داوای ڕوونکردنەوەی دۆسیەی قەتڵی ناوبراو دەکات



"عایشە مەفاخری" هاوژینی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا مۆحەممەد رەبیعی لە پەیامێکدا بە بۆنەی ٢١ـەمین ساڵڕۆژی تێرۆری مەلا محەممەد ڕەبیعی، داوای لە ویژدانە نەخەوتووەکانی کۆمەڵگە کرد دەنگی ناوبراو بن.

ناوبراو باسی لەوە کردووە، دوای ٢١ ساڵ لە قەتڵە زەنجیرەییەکان سەرەڕای بەدواداچوونی زۆر بە ئاکامێک نەگەیشتووین، ئێمە بەردەوام دەمانهەوێ ئەو دۆسیە ڕوون بێتەوە.

هاوژینی خوالێخۆشبوو مامۆستا رەبیعی جەختی کردووەتەوە کە چاوەڕوانی ویژدانە خەبەردارەکانین هاوکاریی ئێمە بکەن و داوامان لە یاسازانان و ئازادیخوازان هەیە یارمەتیدەرمان بن.

مەلا محەممەد ڕەبیعی ساڵی ١٣١١ی هەتاوی لە گوندی "دراسپ" سەر بە شاری دیواندەرە چاوی بە دنیا هەڵێنا و لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە کێبڕکێی نێودەوڵەتیی خوێندنەوەی قورعان لە پاکستان بەشداری کرد، دوای عەبدولباسیت، قاڕیی بەناوبانگی خەڵکی میسر پلەی دووهەمی بە دەست هێنا، ناوبراو سێ زمانی کوردی، فارسی و عەرەبی دەزانی و کۆمەڵێک شێعر و نووسراوەی چاپ کردووە و سەرجەم ٥٠ بەرهەمی نووسراوەی هەیە.

مامۆستا ڕەبیعی پاییزی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی وەک پێشنوێژی هەینی مزگەوتی جامیعی ئیمام شافعی کرماشان هەڵبژێردراو و لە ڕێکەوتی ١٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە چوارچێوەی قەتڵە زەنجیرەییەکانی حکوومەتی ئێراندا تێرۆر کرا.